# ئاسۆی کتێبخانە

بڵاوکـــراوەیەکی مانگانەی تایبەتمەندە بەزانستی کتێبخانەو زانیارییەکـان
کتێبخانەی گشتیی سلێمانی دەریدەکات ژمارە (٣) ٢٠٠٩/١٢/١٣

## هۆڵێکی پێشانگا بۆ کتێبخانەی گشتیی سلێمانی

بەمەبەسی دابینکردنی هۆڵێکی گونجاو بۆ پێشانگاکانی کتێبو بەستنی سیمینارو چەند ژوورو باخچەیەك، ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بەردەوامە لەسەر ئەنجامدانی ئەو پڕۆژەیە لەبەشی پشتەوەی کتێبخانەی گشتیی سلێمانی.

له لێدوانێکدا ئەندازیاری تەلارسازی خاتوو دژوار ڕەووف (سەرپەرشتیاری پڕۆژەکە) وتی "ئەم پڕۆژەیە لەسەر رووبەری ٣٣٠٠م$^2$و بەبڕی (٦٥٤,٧١٠,٠٠٠) دینار جێبەجێدەکرێتو بریتییە لە هۆڵێك بەڕووبەری (٦٦٥م$^2$)وگەنجینەیەكو سێ ژوور بۆ بەشەکانی کتێبخانەو کافتریایەك بەڕووبەری ٨٨م$^2$و ژوورێکی پاسەوانان، ئەمانە بێجگە لە باخچەیەکی گەورەو شوێنی وەستانی ئۆتومبیل".

هەروەها وتی "بەڕێژەی لە ٢٦٪ گۆڕانکاریی بۆ کراوەو پارەی زیادە خراوەتەسەر بودجەکە، پڕۆژەکە لە ٢٠٠٩/٤/٢١ دەستکراوە بەدروستکردنیو ماوەی(٢٥٠) ڕۆژی بۆ دانراوەو تا ئێستا ڕێژەی ٤٥٪ی تەواو بووەو کۆمپانیای (پێشەنگ) جێبەجێی دەکات".

## کتێبخانەی گشتیی لە ناحیەی خدران کرایەوە





پێشنیوەڕۆی ٢٠٠٩/١١/١٥، بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە روناکبیرو خویندکارانو کارمەندی دەزگاکانی حکومەت، لە ئاهەنگێکدا کتێبخانەی گشتیی خدران کرایەوە.

سەرەتا بەڕێز محەمەد عەزیز خالید لێپرسراوی کتێبخانە گشتییەکانی شارۆچکەکانی سلێمانی لەوتەیەکدا سوپاسی هەموو ئەوانەی کرد کە لە کردنەوەی کتێبخانەکەدا کۆششیان کردوەو بەڵێنی دا کتێبخانەی گشتیی سلێمانی وەك هەموو کتێبخانەکانی تر کۆمەکی کتێبخانەی خدران بکات.

پاشان بەڕێز ئاسۆ حەسەن بەڕێوەبەری گشتیی کتیبخانە گشتییەکان لەوتەیەکدا ئاماژەی بۆ پلانی وەزارەتی رۆشنبیریی کرد سەبارەت بە کتێبخانە گشتییەکان کە دەوڵەمەندکردنیانە بە سەرچاوەی گرنگو پێویست، هەرچۆن باسی لەوەشکرد کە وەزارەت مەبەستێتی لە هەموو شاروشارۆچکەیەکی کوردستاندا کتێبخانە بکاتەوە.

دواجار، بەڕێز حاکم ساڵح بەڕێوەبەری ناحیەی خدران سوپاسی وەزارەتو کتێبخانەی گشتیی سلێمانی کرد بۆ خەمخواردنیان لە کردنەوەی کتێبخانەی شارۆچکەکەیانو جەختی لەسەر هاوکاریی کردنی ناحیەکەی کرد بۆ کتێبخانەی ناوبراو، هەرچۆن داوای لەڕووناکبیرانی ناوچەکەش کرد کۆمەکی کتێبخانەکەیان بکەن.

ئەمەو لە درێژەی ئاهەنگەکەدا ئامادەبووان بەشەکانی کتێبخانەکەیان بەسەرکردەوەو بەسەرنجەوە روانیانە کتێبو چاپکراوەکانی.

## ماڵپەڕێك بۆ مردووەکان !

m3rof.com

لەگەڵ بەرزبوونەوەی ژمارەی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێتو زۆربوونی پرۆسەکانی ئاڵوگۆڕی زانیاریو وێنەکان لەرێی ئەو تۆڕە جاڵجاڵۆکییەوە، زۆر کەس دەیانپرسی: ئەو هەموو زانیاریو وێنانەی تایبەت بە مردووەکان چییان لێدێ؟

بەپێی راپۆرتێکی کەناڵی (العربیە) ی رۆژی ٢٠٠٩/١٢/٦ ماڵپەڕێکی نوی بەناوی" my web will" لەلایەن کۆمپانیایەکی سویدییەوە بە مەبەستی تۆمارو بەڕێوەبردنی زانیاریی لەمەڕ مردووان دامەزراوە، تیایدا پاش وەسیەتی بەشداربووان بەر لە مردنیان سەرجەم زانیارییەکانی ژیانیان دەپارێزێت.

قسەکەری کۆمپانیاکە گوتویەتی "لەڕێی ئەو ماڵپەڕەوە بڕیار لە چارەنووسی حساباتی هەر کەسێك دەدرێت، تیایاندایە ویستویەتی پاش مەرگی هەموو حسابێك بە ناویەوەیە دابخرێت، هەشیانە (کۆد)ەکەی داوەتە یەکێ لە نەوەکانی بۆ جێبەجێکردنی وەسیەتنامەکەی".

بەڕێوەبەرانی ماڵپەڕەکە لە مڕۆوە (١٢/١٣) لەسویدو وڵاتە یەکگرتووەکان کار بەو بەرنامە باسکراوە دەکەن.

## چاپێکی نوێی شاکارەکەی پاولۆ کۆیلۆ



Books. ayam

لەمانگی مایۆی ساڵی رابردوودا، رۆمانی(کیمیائی)ی نووسەری گەورە پاولۆکۆیلۆ بیست ساڵ تێپەڕی بەسەر نووسینداو خودی نووسەرو هەموو جیهان بەو بۆنەیەوە ئاهەنگیان گێڕا.

ئەو رۆمانە، کەلەم ماوەیەدا چاپێکی نوێی وەرگێڕانە عەرەبییەکەی بڵاوکرایەوە، سەرکەوتنێکی کەم وێنەی وەدەستهێناوە.

هەرچۆن بووەتە هۆکاری گۆڕینی ژیانی زۆر کەسو وایکردوە کەسانێك بیر لەخۆیانو خەڵکی بکەنەوە.

هەر خوێنەرێکی ئەو رۆمانە هەمیشە رستەیەکیان لەیادە کە دەڵێت:

" کارێکت مەبەست بێت، ئەوا هەموو گەردوون پشتیوانی لە بەدیهێنانی ئەو مەبەستەت دەکات".

چاپە نوێیەکەی (کیمیائی) لە ١٨٧ لاپەڕەدایە، لەگەڵ پێشەکییەك کە رۆماننووس لەچوار لاپەڕەدا بۆی نووسیوە، هەرچۆن پێشەکیەکیش بۆ ئەم چاپە نوێیەی رۆمانەکەی پاولۆ کۆیلۆ، نووسراوە.

## نیو ملیۆن کتێبی فەڕەنسا بۆ کتێبخانەی ئەسکەندەرییە

M3rof. com

سەرچاوەیەك ئاشکرایکرد کە وڵاتی فەرەنسا نیو ملیۆن چاپکراوی جۆراوجۆری پێشکەش بەکتێبخانەی ئەسکەندەرییە کردوە، ئەم کارەش تا ئێستا بەگەورەترین کۆمەکی رۆشنبیریی دادەنرێت لەجیهانداو درێژەی هاوکاری نێوان هەردوو سەرۆك ساکوزیی فەڕەنسیو موبارەکی میسرییە.

ئیسماعیل سەراجەدینی بەڕێوبەری کتێبخانەکە لەو بارەیەوە وتی"سەرچاوە پێشکەش کراوەکان هەموویان بەزمانی فەڕەنسینو بابەتەکانی رۆشنبیریو ئەدەبیاتو مێژوو جوگرافیاو زانستی ئەنترۆپۆلۆژیانو لەنێوان ساڵانی ١٩٩٦-٢٠٠٦ بڵاوکراونەتەوە".

لەدرێژەی ئەو هاوکارییەدا وەك سەرچاوەیەکی تری کتێبخانەکە دەڵێت"بەهۆی ئەم کۆمەکەوە، دوای کتێبخانەی نیویۆرك، کتێبخانەی ئەسکەندەرییە بووەتە کتێبخانەیەکی فرانکفۆنیو سەرچاوەیەکی سەرەکیشە بۆ چاپکراوە فەڕەنسییەکان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا".



هاوکات فەڕەنسا هەلی گونجاو دەڕەخسێنێت بۆ بەشداریی ئەمیندارانی کتێبخانەی ئەسکەندەرییە بۆ فێربوون لەپێڕستی فەڕەنسیدا.

جێی سەرنجە ئەم کتێبخانەیە لەئێستادا خاوەنی ملیۆنێكو ١٥٠ هەزار کتێبە، کە ٤٠ هەزاریان بەزمانی فەڕەنسییە.




کتێبخانەی ئینستیتیوتی کەلەپوور 6



دەروازەیەك بۆ زانستی کتێبخانەکان 7



مێژووی هونەری دیزاین 9



داهات و خەرجی کتێبخانە 11

# هۆڵی کامەران موکری

# ئەو هۆڵەی بڕوانامەی زانکۆی پێبەخشیم

**ئەحمەد قادر سەعید**



تێهەڵچوونەوەو گەڕانەوە بۆسەر نشینگەی خوێندن ئەگەر بۆ کەسانێك کە چەند ساڵێك لەخوێندن دابڕابن، ستەم بێ، ئەوە بۆ کەسێکی وەك من کە زیاتر لە سیو پێنج ساڵ لە خوێندنی دوای ئامادەیی دوورکەوتبوومەوە، زۆر ئەستەمترو پڕ لەئەستەنگ بوو. لەوڵاتی ئێمە بەداخەوە کەسانی زۆر هەن دووبارە گەڕانەوە بۆ سەر کورسی خوێندن بەکارێکی نەشیاوو پڕ لەهیلاکیو بێ بەرهەم دەزانن‌و زۆر هەن پێیان وایە خوێندن‌و بەدوا داچوون سنوورێکی دیاریکراوی هەیە، ناتوانرێ ببەزێنرێ چونکە دەبێتە خۆ هەڵخەڵەتاندن‌و لە ئەنجامیشدا شکست هێنان. بەڵام هەشمانە ئەم سنوورە بەکارێکی نەشیاو دەزانن‌و وادەزانن سنووری خۆپەروەردەکردن‌و خۆفێرکردن دیاریکراونییەو هەرکاتێك مرۆڤ بیەوێت ئەگەر بارودۆخی بۆ برخسێ دەتوانی ئەستەنگەکان تەخت بکات‌و بارودۆخێك بۆ خۆی بگونجێنێ لەرێیەوە پەرە بەزانستی تایبەتی خۆی بدات‌و بەپلەکانی خوێندن دا سەرکەوێ.

بۆ دووبارە چوونەوە سەر کورسی خوێندن دوای نزیکەی لە چل ساڵ دابڕان، تا راهاتنەوەو دووبارە بوونەوە بەخوێندکار کارێکی ستەم بوو، بەڵام بڕوا بەخۆبوون‌و ئامادەکاریو خۆگونجاندن بەشێکی زۆری ئەستەنگەکانی لەبەردەمدا دارِماند.

هۆکاری سەرەکی ئەو خۆراگریەشم دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆڵە ئاوەدانانەی کە رۆژانە بۆ زیاتر لەچوار پێنج سەعات وانەکانم تێدا دەور دەکردنەوەو گەلێك رۆژانیش هەر لەوێوە بەرەو زانکۆ دەچووم، لەناو ئەم هۆڵە پۆشتانە هۆڵی "کامەران موکری"، لەهەر هەموو هۆڵەکان زیاتر ئامێزی بۆ کردبوومەوەو لەکۆشی ئەودا رۆژانە وانەکانم راڤەدەکرد، هۆڵی کامەران موکری لەگەڵ ئەوەشدا گەرمی بۆ کردبوومەوەو منیش وەك خوێندکارێك بابەتەکانم راڤە دەکردو رۆژانە لەبەردەم کتێبەکانمدا دەبوومەوە بەهەرزەکارێکی تەمەن بیست ساڵو لەناو ئەوکەش‌و هەوا ئارامەی هۆڵەکەدا بابەتەکانم تاوتوێ دەکردن‌و خۆم بۆ تاقیکردنەوەکان ئامادە دەکردو ئەوەش کە بەجێی شانازی خۆمی دەزانم‌و پێ لەسەر ئەو راستییە دادەگرم‌و دەڵێم. هۆڵی کامەران موکری کە زیاتر بەهۆڵی لێکۆڵینەوە ناوزەدکراوەو ئەوانەی خەریکی بڕوانامەی ماستەرو دکتۆران سەردانی ئەوێ دەکەن، بەڵام بۆمنێکی خوێندکار هەردەم ئامێزی گەرمی بۆ واڵاکردبووم‌و لەبەردەم دەزگاکانی کۆمپیوتەردا، ئەگەر بابەتێکی لێکۆڵینەوەم لەبەردەستدا بووایە دەنا باوەشی ڕۆڵێکی یەکجار گرنگی لەژیانی ئەو چوار ساڵەمدا گێڕا، کەمن خۆم تەواوی پلانەکانی خوێندن‌و بەدوادا چوونم لەو هۆڵەدا دارِشتبوو وئەویش وەك دایکێکی دڵ پڕ لەمیهرەبان ئامێزی گەرمی بۆ کردبوومەوە لێیەوە پلە بەپلە قۆناغەکانی زانکۆم بڕی تا لەدواجاردا سەرکەوتنم وەدەست هێنا..وەدەست هێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لەیاسادا بۆ من ئەگەر کەس‌و برادەرانی هاندەرم رۆڵیان بووبێ، ئەوا ئەو هۆڵە جوانەی بەناوی شاعیری پایەبەرز(کامەران موکری) ناوزەدکراوە رۆڵێکی یەکجار کاریگەری لەدەرچوونم هەبوو، چونکە رۆژانەو بەبێ دەستم لەملی کتێبەکانم دەکردو پێکەوە ستایشی ئەم هۆڵە نازدارەمان دەکرد. من گەلێك جار لەخۆم دەپرسی ئەگەر کتێبخانەی گشتیو بەتایبەتی هۆڵی کامەران موکری نەبوایە دەبوو بۆمنێك کە نەمدەزانی چۆن دەرس‌و دەورەکان راڤەبکەم چەندین ئەستەنگ دەهاتنە پێشەوەو رەنگە کاریگەریشی لەسەر خوێندنەکەم هەبوایە. ئەوەتا لێرەدا رۆڵی کتێبخانەکان دەردەکەوێ‌و بەرز دەنرخێنرێ. بۆیە لێرەوە من دان بەو راستیەدا دەنێم‌و دەڵێم، ئەگەر کتێبخانەی گشتیی سلێمانیو برادەرە بەئەمەکەکانی ئەم کتێبخانە پیرۆزەو کارمەندانی هۆڵی کامەران موکری نەبوایە، کە من بەپلانێکی تۆکمەوە سەردانم دەکردو فەرمانبەرو کارمەندە بەڕێزەکانی بەدەنگمەوە دەهاتن‌و هەردەم لەبەرامبەر مندا ئەوپەڕی دڵسۆزیان دەنواند، ئەگەر ئەوان نەبوونایە رەنگە منێکی تەمەن شەست‌و سێ ساڵە نەمتوانیبا ئەم ئەرکە بگەیەنمە دوا قۆناغ‌و بڕوانامەکە بەدەس بهێنم، بۆیە لێرەدا دەڵێم، پایەدار بن کارمەندانی کتێبخانەی گشتیی، هەر سەرکەوتووبن کارمەندە دڵسۆزەکانی هۆڵی شاعیری پایەبەرز کامەران موکری.



# یادەوەرییەکانم لەگەڵ کتێب

**حەسەن دەروێش ساڵح هەڵەبجەیی***

شەهیدی جوانەمەرگ مامۆستا فەیسەڵ ئەحمەد تۆفیق کە لە حەفتاکاندا ئەڵقە رۆشنبیرییەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە بەبەردەوامی کتێبی بۆ دەهێنام و رێنیشاندەرم بوو بۆ خەبات و کوردایەتی دوای هاتنیشم بۆ شاری سلێمانی و دەستبەکاربوون بەکاری کتێبفرۆشی هەر لەپەنا دیواری بەریدەکەی بەردەرکی سەراوە کۆمەڵێك خەڵکی بەڕێزم ناسی کە هەموویان هاوکارییان کردووم و بەردەوام پشتگیرییان کردووم بۆ سەرکەوتنی کارەکەم، ئەوانەش بەڕێزان مامۆستا رەفیق ساڵح، مامۆستا ئەحمەد ئەمین بێدادو مامۆستا عەبدولحەسەن کەلاریی جوانەمەرگ مامۆستا سەروەت سەوزو مامۆستا فازیل هیمەت و خوالێخۆشبوو شێخ ئەنوەری کتێبخانەی شانۆو مامۆستا عومەری کتێبخانەی سلێمانی و زۆرێکی تر لەلای منەوە جێگای سوپاس و پێزانینن.

بیست‌و سێ ساڵ لەمەوبەر ئەو کاتەی لەسەر کتێبێك دەیان گەردن ئەکرا بەداراو رۆژانە چەندان عاشقانی کتێب راپێچی زیندانەکان دەکران، ئێمە کۆمەڵێك بووین لەپەنا بەریدەکەی بەردەرکی سەرا رۆژانە وەك نامە چوکلێتییەکانی رێکخستنەکانی ئەوسای شار ئەو کتێبانەیان دەدایە دەستی ئاشقانی کتێب کە داگیرکەرانی ئەوسا لەنارنجۆك لەلایان ترسناکتر بوو.

لەبیرمە یەکەم رۆژی دەستبەکاربوونم بوو کۆمەڵێك کتێبی بەرگ تێگیراوو قەشەنگم هێنابوو هەموویانم کردبووە ناو نایلۆنی داخراو بۆ ئەوەی تەپوتۆزی شەقامەکەیان بەرنەکەوێت و یەکەمجار بوو مامۆستا (ئەحمەد حسێن)م لەویا ناسی، پێی وتم ئافەرم مژدەت دەدەمێ لەنزیکترین کات تۆ دەبیتە خاوەنی جوانترین کتێبخانەی ئەم شارە، وتم مامۆستا بەچیدا دەزانی، وتی شێوەی دانانی کتێبەکانت‌و عەشقت بۆ کتێب وا دەڵێت.

هەرچەندە پێش من ئەوانەی لەوێدا کتێبیان دەفرۆشت هەم وەك تەجرەبەو هەم وەك تەمەنیش زۆریان لەمن دیارتربوون، بیرمە ئەوکاتە خوالێخۆشبوو مەحمود خاکی و مامۆستا ئەنوەر برزو و کاك یوسف و کاك هادی ئەکتەری درامای گەردەلوول و کاك حاجی جەزاو کاك کەمال هەڵەبجەیی‌و کاك خەسرەوی برای مامۆستا حەسەنی زانیارو کاك عومەرو کاك ئارام و کاك حسێن برای مامۆستا عەباس و کۆمەڵێکی تر، رۆژانە کتێبەکانمان بەجوانی دادەناو ئێواران دەمانبردە پشتی دادگای جاران، واتە بەرامبەر قەیسەری نەقیبی ئێستا، ئەو کاتە چاپەمەنی وەك ئێستا ئازاد نەبوو، هەروا سانا نەبوو کتێبێك جارێکی تر لەچاپبدەیتەوە، هەر بۆیە ئەو کتێبانەی چاپکرا بوون زۆریان کۆن و دڕاوبووبوون‌و کە ئێمە ئەمانکڕییەوە ئەبوو خۆمانی لەگەڵ ماندووبکەین تاکو جارێکی تر بیخەینەوە بەردەستی خوێنەران.

لەیادمە لەهەر (١٠٠) کتێبێك دەمانکڕییەوە (٢٠) کتێبیان نوقسان‌و دڕاوبوون، زۆر جار دەهاتین لەبەرنەبوونی ئامێری کۆپی کردن بەدەستنووس دەمان نووسیەوەو دواتر خۆمان تەجلیدمان دەکردو جارێکی دەمانخستەوە بەردەستی خوێنەر، لەیادمە لەدوای کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجەوە هاوڕێی منداڵی‌و هاوڕێی زیندانم کاك کاوەی وەستا عومەری بامۆکی رۆژێك بانگی کردم و وتی ئەرێ حەسەن خۆ تروسکە نەماوە بۆ کتێب، کاکە وەرە هەندێك کتێبی باشم هەیە لەگردە چاڵی لای هەولێر، کە چووین بۆ سەردانی ماڵی خەزوورت بەڵکو ئەو کتێبانەی منیش بێنیتەوەو بۆم بفرۆشی، بەڵکو وەك کورد دەڵێت کونێك بگرێ، هەرچەندە کونەکان بەهیچ ناگیرێن، بەڵام خۆت دەزانی من لەهەڵەبجەوە ئەو کتێبانەم بردە ئێران و لەوێ دوای ئەوەی ئەمسەروسەری ئێرانم پێ کردووە ئەو کاتە هاتینەوە لەباینجانەوە براوە بۆ گردەچاڵ، شتێکم بۆ لێ بکەو بۆم بێنەوەو بۆم بفرۆشە.

منیش کە رۆیشتم بۆ گردەچاڵ لەسەر قسەی کاوە چوومە بۆ ئەو ماڵەی کتێبەکانی لادانابوو، بەڵام شەڵڵا نەڕۆشتمایە، چونکە لەوێ کۆستێکم بینی مەگەر کۆستەکەی هەڵەبجە ئەوەندە دڵتەنگی کردبم، وەختێك ژنی خاوەن ماڵەکە بردمیە سەر کتێبەکان کتێبەکان سێ باوڵی گەورەبوون، لەخۆشیا هەر خێرادەستم برد باوەڵەکانم کردەوە، بەڵام چی ببینم تەماشادەکەم ئەو کتێبە چاکانەی کاوە ئەو هەموو شارەو شارەی پێوە کردووە هیچی لێ نەهاتووەو هەر لەشەرەفنامەی شەرەفخانی بەدلیسییەوە تاکو کوردو کوردستانی ئەمین زەکی بەگ و سەرجەم دیوانی شاعیرە ناودارەکانی وەك نالی و مەولەوی بێسارانی و گۆران و کۆمەڵێکی تر لەکتێبی مێژوویی چاك چاك، کە کاوە لەلای خۆی تا ئەو کاتە پاراستوونی ئەو ماڵە هاتبوون هەموو کتێبێك ١٠ لاپەڕەو ٢٠ لاپەڕەیان لێ کردبوونەوە، سەرەتا وامزانی بەعسییەکان لەنوختەی پشکنینەکان وایان لێکردووە، بەڵام ژنی ماڵەکە وتی (وەڵڵا باوکەکەم ئەوە ئێمە کوڕێکمان هەیە گوڵەبەڕۆژە دەفرۆشێ، جا وتمان با گشت خراپ نەبێت بۆیە یەکی ١٠ – ١٢ لاپەڕەیەکمان لێکردۆتەوە بۆ لوولە گوڵەبەڕۆژە)، لەویا تا چارەکێك هەر قسەم بۆ نەکرا، دواتر وتم باشە دادە تۆ با دانەیەك یان دوان کوڕە سیانیانت خراپ کردایە، ئاخر ئەمە بۆچی، وتی (وەڵام بێژم چی وتم با گشت خراو نەبێت).

دواتر تەرمی ئەو کتێبە جوانانەی کاوەم وەك تەرمی کۆمەڵێك شەهید هێنایەوە بۆ سلێمانی و لەگەڵ دۆستێك لەو بەڕێزانەی دوکانی فۆتۆکۆپیان هەیە بەیەکەوە دانیشتین چارەسەری هەندێکیانمان کرد، ئەگەرچی ئەو ساڵانە هەر کەس ئەو کارەی بکردایە لەلایەن رژێمەوە بێ سەرو شوێن دەکرا، بەڵام جێگەی سوپاسە ئەو بۆ منی کرد.

هەر لەو یادەوەرییە تاڵ و شیرینانەی دنیای کتێب ساڵی ١٩٩٢ بوو ئەوکاتەی برسێتی کتێب و نیشتمان و هاوڕێ و عەزیزانی لەبەر چاو کاڵ کردبوونەوە جارێك کتێبخانەی ماڵێکم کڕییەوە ماڵەکە پێدەچوو پێشتر منداڵەکانی چووبن بۆ ئەوروپاو هەر پیاوو ژنێکی پیریان بەجێمابوون، دیاربوو ئەوانیش ماڵەکەیان هەموو فرۆشتبوو تەنها کتێبەکانیان مابوو، کابرا کە تەمەنی پێدەچوو ئەوکاتە حەفتا ساڵ بێت زۆر کەسێکی قسەخۆش و تا ئەو کاتەش وەك کورد دەڵێت مزگەوتە رۆخا محرابی ماوە، پێدەچوو لەگەنجیدا کوڕێکی شەنگو شۆخ بووبێت، هەر بۆیە بەدەم قسەو گلەیی لەرۆژگارەوە کتێبەکانی بەمن فرۆشتو دواتر وتی شتێکم لەلایە ئەمەیانت بەئەمانەت دەدەمێ بۆ خۆت بەڵام توخوا هەرگیز مەیفەوتێنە، وتم چییە هەناسەیەکی هەڵکێشاو وتی ساڵی ١٩٤٤ من گەنجێکی جوان بووم وەك تۆ، ئەوساڵە سلێمانی موسوڵمان‌و جوولەکەو مەسیحی هەموومان دراوسێ بووین و یەکترمان وەك برا خۆشدەویست، ئەم رق و کینەی ئێستا نەبوو، هەر بۆیە من و کچێکی دراوسێمان کە ئەو جوولەکە بوو یەکترمان خۆشدەویست، بەڵام خێزانی ئەوان و ئێمە رازی نەبووین، وتیان نابێت دیانەتمان جیایە، دواتر ئێمە هەر یەکترمان خۆشویست تاکو ئەوان چوون بۆ ئیسرائیل، ئەو رۆژەی خواحافیزییان کرد لەناو تورەکەیەکی رەشی نەخشداردا ئەم کتێبە پیرۆزەی تەوراتی دامێ بەیادگارو تا ئێستا هەڵمگرتووەو دڵم نەهاتووە بیفەوتێنم، هەرچەندە جارێکیان من لەبەغدا بووم تاکو هاتبوومەوە دایکم بەرگە رەشەکەی فەوتانبوو بەحسابێ پێی کۆن بووبوو بۆی کردبووم بەبەرگێکی یەخە، بەڵام من زۆرم پێناخۆشبوو، چونکە ئەو بەرگەی پێشوویان یادگاری ئەو بوو، بەڵام دایکم لەبێ ئاگایی فەوتاندبووی، بەهەر حاڵ من ئەڕۆم و نەوەك لەڕێگا لێم بفەوتێت با لای بەڕێزت بێت، هەم وەك یادگاری من و هەمیش کتێبێکی پیرۆز، ئەم نوسخەیە جیاوازیشە لەوانەی ئێستا لەبازاڕدا هەیەو چاپەکەی ١٩٤٧ خۆیان کردوویانە، وتی بیرت نەچێت نەیفەوتێنی باشە، وتم باشە، ئێستاش لام ماوە.

*خاوەنی کتێبخانەی شێخ رەزای تاڵەبانی

## ئەم کتێبە

• پ.د.عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ

## بەر لە باسی کتێبێکی تر

لەژمارەی پێشوودا باسی ئەو کتێبخانانەم کردبوو کە بەکرێ کتێبیان دەداینێ(بەشەوانە) بیخوێنیینەوەو بیاندەینەوە. هەندێ کەس لێیان دەپرسیم ئەوە چۆن بووەو لەکوێ بووە. لەبەرئەوە پێش ئەوەی بچمە سەر کتێبێکی تر باسێکی ئەوە دەکەم، کە کەم کەس ماون لەبیریان مابێ.

ساڵی ١٩٤٦ لەلایەکەوە جەنگی یەکەمی جیهان تەواو بوو بوو، کەمێك ئازادی بەهەندێ حیزبو ڕۆژنامە درابوو، وەك ئێستا دەوترێ(پەراوێزێکی ئازادیو دیموکراتی هەبوو)، حیزبەکان لەکوردستاندا ئیجازەیان نەبوو، بەڵام بەنیمچە ئازادی کاریان دەکرد. یەکێك لەچالاکییەکانیان دانانی چەند کتێبخانە بوو، دیاربوو ئەو کتێبانەی لەوێدا دانرابوون بەباربۆ کۆکرابوونەوەو هەر لەجۆری کتێبخانەی گشتی هەر کەسە چەند کتێبێکی بەخشیبوو. کتێبخانەی ڕووناکی لەسەر جادەی تازە(شەقامی مەولەوی)ی ئێستا لەژێر حەمامی قشەڵەدا بوو، دیار بوو کە سەر بەپارتی یە، لێپرسراوی ڕەحمەتی فوئاد مەجید بوو(کە برینپێچی نەخۆشخانەی پەروەردەبوو)و پاش نیوەڕوان کتێبخانەکەی دەکردەوە، هەر لەسەر پردەکەی ناو بازاڕ تەنیشت پێپیلکەکان کتێبخانەی ڕزگاری هەبوو، کە دیاربوو سەر بە پارتی ڕزگاری بوو، سەرەتا هاوڕێ مەجید عەبدوڕەزاق(مام قادر) لەسەر ئەو کتێبخانەیە بوو، دیارە هێشتا نەبوو بوو بە شیوعی، بیرمە باسی ئەوەی بۆ دەکردین کە(بۆرژوازێکان خوێنمان دەمژن) کەنە بۆرژوازیمان هەبوو ودوکانداریش خوێنیان نەدەمژین! بەڵام ئەمە بەڵگەی هەڵچوونی چەپ بوو لە هەموو وڵاتداو لای هەمووان.

کتێبخانەی سێیەم کتێبخانەی(بیری نوێ) بوو هەر لەسەر شەقامی مەولەوی ڕوو بەڕووی ئەو شەقامەی دەچێ بۆ مەیدانی ماست فرۆشەکان، لەوانەی لەسەر ئەوێ بوون(کاکەی فەللاح)م بیرە. ئەم کتێبخانەیە سەر بەشیوعی یا(حیزبی تەحرور)بوو، کە وادروستکرابوو ڕووی ئاشکرای حیزبی شیوعی بێت، بەڵام نوری سەعید ئیجازەی نەدایە.

کتێب دەدرا بەکەسێك لێی ئەمین بن، شەوی بە(عانەیەك)، لەبەر ئەوەی زۆر نەدەین هەوڵمان دەدا خێرا(شەو لەبەر قوتیلەو چرا)ش بووایە زوو بیخوێنینەوەو بیبەینەوەو کتێبیتر وەرگرین. چونکە زۆربەمان کە ئەو دەمە لەقوتابخانەی ناوەندی بووین ڕۆژانەکەمان کەمبوو، نزیکەی نیوەیمان دەدا بەهەقی ئەو خوێندنەوەیە.

دیارە (عانە) چوار فلس بوو، هەریەك عانەیی هەبوو.

ئەوەو جۆری هەڵپەمان بۆ کتێب خوێندنەوە، خۆزگە ئێستا هەندی مامۆستای زانکۆ ئەو هەڵپەیەی ئەوساو ئەو تەمەنەی ئێمەیان دەبوو!

بۆ ژمارەی داهاتوو وبۆ کتێبی(دایك)ی گۆرکی.

# کتێبخانەی لینین

و. تابان حەسەن

کتێبخانەی نیشتمانیی ڕووسیا لەساڵی ١٨٦٣دا لە سەنتەری مۆسکۆی پایتەختی ڕووسیا دامەزراوەو لەتەنیشت باخچەی کرملینی دێریندایە، بینای ئەم کتێبخانەیە کە ئەندازیاری ڕووسی (ڤالیری باشینۆف) نەخشەی کێشاوە، لەریزی جوانترین بینا کۆنەکانی مۆسکۆدا دادەنرێت.

ساڵی ١٩١٨ دوای سەرکەوتنی شۆڕشی بەلشەفییەکان بڕیاردرا ئەم کتێبخانەیە بخرێتە ژێر چاودێریی ڕاستەوخۆی دەوڵەتی سۆڤیەتەوەو کار بۆ فراوانکردنیو دابینکردنی سەرجەم پێداویستییەکانی بکرێتو ناونرا(کتێبخانەی لینین).

لەسەرەتای سییەکانی سەدەی ڕابردوودا دەوڵەت دەستیکردە دروستکردنی بینایەکی تر لەتەنیشت بینای سەرەکیی، کارکردن لەو بینا نوێیەدا بەیەکجاری ڕاگیراو زۆرترین سامانی کتێبخانەکەش گوێزرایەوە بۆ ناوچە دوورەکان کە ئاسایشیان سەقامگیربوو، لەو ڕەوشەشدا ستافی کارمەندانی کتێبخانەکە لەپێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی بۆ سوودمەندانیان دانەبڕانو هەر بەردەوام بوون.

ساڵی ١٩٩١ دوای هەڵوەشانی یەکێتی سۆڤیەت، لایەنە فەرمییەکانی ڕووسیا، جارێکیتر ناوە کۆنەکانیان لە شەقامو باخچەو شوێنە گشتییەکان نایەوە، لەو سەروبەندەدا ناوی(کتێبخانەی گشتیی لینین) کرایەوە بە(کتێبخانەی نیشتمانیی ڕووسیا)، بەڵام کتێبخانەکە لەوکاتەوە هیچ پشتیوانییەکی لێ نەکراو بێ خزمەتی پێویست مایەوە، بودجەی ساڵانەی بڕدراو کار گەیشتە ڕادەیەك دارمان هەڕەشەی لەبیناکەی دەکرد، هەرچۆن هامشۆکەر سەرنجی کۆنیی کەرەستەو ئامێرەکانی دەداو بەڕوونی فەرامۆشکردنی چاکسازیی ئامێرەکانی، گەر نەڵێین هەر نەبوونی چاکسازییان بەدی دەکرا.

کتێبخانەی نیشتمانیی ڕووسیا کتێبخانەیەکی بێ بەرامبەرەو دەرگای لەڕووی هەموو کەسێکدا والایە، بەتەنیا سەردانێکی خوێنەر بۆ کتێبخانەکەو بەرامبەر پارەیەکی یەکجار کەم دەتوانێ پێناسی بەشداریی ساڵانە وەربگرێت بۆ هامشۆکردنیو بەکارهێنانی سەرچاوەکانی. ڕۆژانە داخوازیکەر بۆ بوونە بەشدار تیایدا دەگاتە ٣٠٠کەسو ڕۆژانەش(٥) هەزار هامشۆکەر سەردانی دەکەن، هەرچەندە هۆڵەکانی خوێندنەوە جێگای(٣) هەزار کەسێکی تیادا دەبێتەوە، لەم کتێبخانەیەدا ١٤٠١کەس لەکارمەندی کارگێڕیو پسپۆر کار دەکەنو کارمەندانی لەڕۆژێکدا نزیکەی ٣٨ هەزار کتێب دەخەنە بەردەستی هامشۆکەران بۆ مەبەستی خواستنی ناوخۆیی، بەڵام کتێبخانەکە ڕێگا نادات چاپکراوەکانی خواستنی دەرەکییان بۆ بکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی ئامێرە تایبەتەکانەوە کۆپی سەرچاوەو بابەتی پێویست بۆ داواکارانیان دەکرێت.

ئەم کتێبخانەیە، لە ئەوروپادا بەگەورەترین کتێبخانە دادەنرێتو لەجیهانیشدا دوای کتێبخانەی کۆنگرێسی ئەمریکی دووەمین کتێبخانەیەو. لەشەش نهۆم پێکهاتووەو دوو نهۆمی لەژێر زەویدان، لەناویدا ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە دانراوەکانو فەرهەنگو کتێبو دەستنووسو نەخشەو ئینسکلۆپیدیاو ئەتڵەسو نەواری دەنگیی، لەگەڵ نۆتەی موزیك کە تایبەتن بە بەرهەمی زیاد لە سەد گەل لەگەلانی ڕووسیاو یەکێتی سۆڤیەتی جاران، لەگەڵ دەیان هەزار لەدانراوەکانی کتێبی(زانیاری گشتیو هونەرو ئەدەبیاتو مێژوو فەلسەفەو ئاینو زانستە کۆمەڵایەتییەکانو زانستو دەستنووسە دەگمەنەکان) بە(٢٤٧) زمانی بێگانە، کە کۆی هەموویان بریتیین لە ٤٢ ملیۆن سەرچاوەی پارێزراو.

**کتێبخانەکە لەم بەشانە پێکهاتووە:**

- بەشی دەستنووس: تیایدا ٥٥٠ هەزار دەستنووس پارێزراوەو تیایاندایە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی شەشەمی میلادی، لەگەڵ ژمارەیەك لە دەستنووسە یابانییە دێرینەکان کە لەسەر (گەڵای چەڵتووك) نووسراون، هەروەها ژمارەیەك لە دەستنووسە هندییە نیگارکێشراوەکانو کۆمەڵێ لە بەنرخترین دەستنووسی فارسیو عەرەبی.
- بەشی چاپکراوە بەنرخو دەگمەنەکان: نزیکەی ٣٠٠هەزار سەرچاوەی پارێزراون.
- بەشی چاپکراوو نیگارەکان: کە زیاتر لە ملیۆنو نیوێك سەرچاوەن.
- بەشی ئەتڵەسو نەخشەکان: زیاتر لە ٢٥٠ هەزارنو بەچەند زمانێکی بێگانەن.
- بەشی کتێب: شانزە ملیۆنو نیو دانەن.
- بەشی تۆمارەکان: سیانزە ملیۆن دانەن.
- بەشی ڕۆژنامەکان: ٦٥٠ هەزار بەرگی ساڵانەن.
- بەشی زنجیرە هەمەجۆرەکان کە ملیۆنێكو دووسەد هەزار دانەن.
- بەشی نۆتەی موزیكو تۆمارە دەنگیەکان: ٣٥٠ هەزار دانەنو تیایاندایە مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی پانزەیەمی میلادی.
- بەشی بەڵگەنامەکان: سێ ملیۆنو نیو دانەن.
- بەشی کتێبە نهێنییەکانو بەڵگەنامە بڵاوکراوەکان: ملیۆنێكو دووسەد هەزار یەکەن.
- بەشی مایکرۆ فیلمو نەوارو قەوانەکان: سێ ملیۆنو نیونو نزیکەی ٨ هەزاریان بەرهەمی بیانین.
- بەشی چاپکراوە جەنگیو سەربازییەکان: ٥٨٠ هەزار یەکەی سەرچاوەی پارێزراونو ١٩١ هەزاریان سەرچاوەی بیانیین.
- بەشی ئەدەبیاتی خۆرهەڵاتی: ٦٥٠ هەزار یەکەنو بەسەر ١٦٠ زمان، لە زمانەکانی ئاسیاو ئەفریقا دابەشبوونو هەر هەموویان بەنرخو دەگمەنن.
- بەشی زمانی عەرەبیی: ١٩ هەزار کتێبو ٢١ هەزار ڕۆژنامەو گۆڤارە.

لەم کتێبخانەیەدا پێرستی چاپکراو بەکاردێت، نەك پێرستی ئامێریی، ئامارەکانی ساڵی١٩٩٧ رایدەگەیەنن کەوا کۆی کارتەکانی پێرستی کتێبخانەکە گەیشتووەتە(٦٣,٢١٥,١٣٩) کارت.



www.mahjoob. com

# کتێب و شتی تر

سدیق ساڵح

ڕۆژگاری پێش ڕاپەڕین، کتێبی کوردی، بەحوکمی هەلومەرجی نالەباری کوردستانو ئاڵۆزیی مەسەلەی کوردو نەبوونی دەزگای ڕۆشنبیریی سەربەخۆو کاراو بەبەرنامەی کوردی، لەبەر ژمارە کەمی ئەوپەڕی دانسقەو تاسووقو تا ڕادەیەکی بەرچاو بازاڕی گەرم بوو. ئەو سەردەمە کتێبخانەی کوردی زۆر هەژار بوو.

قۆناغی پاش ڕاپەڕین، دەرەتانێکی زێڕین بۆ چاپەمەنیی کوردی هەڵکەوت، لەبەر ئەوەی هەم ژمارەیەکی دیار دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی کوردی هاتنە ڕووی کار، هەم ئەو سانسۆرە توندو بێویژدانەی ڕۆژانی دوابڕاوی ڕابوردوویش هەڵگیرا.

ئەم قۆناغە، بووژانەوەیەکی فراوانی کتێبی کوردییە، لەو ڕووەوە کە لێشاوێکی بەردەوامی بەرهەمی ڕۆشنبیریی وەك کتێبی هەمەجۆرو گۆڤارو ڕۆژنامەو بڵاوکراوە، لێرەولەوێ چاپو بڵاو دەبنەوە، بەڵام (بەداخەوە) بێ بەرنامەیییەکی ئاشکرا بەمکارەوە دەبینرێ.

ئەمرۆ ئیمکانیەتێکی ماددی گونجاوو هەلێکی لەبار لەئارادان، لەلایەکەوە سامانی کتێبی کوردیی پێش ڕاپەڕین کە بەهۆی خراپ هەڵگرتنو بێدەربەستیو بێ ئیمکانیەتیو سانسۆرەوە، بەشێکی دیاری دوچاری لەناوچوونو داڕزان بوون، (هیچ نەبێ) جارێکی تر وێنە بگیرێتەوەو بخرێتە سەر (سی. دی) و نوسخە بنەرەتیەکانیش لە شوێنی تایبەتدا بپارێزرێن، لەلایەکی ترەوە هەوڵ بدرێ کتێبی کوردیی پاش ڕاپەڕین، کە بەشی هەرە زۆری بە کۆمپیوتەر پیتچنی کراون، لەسەر(سی. دی) بەزیاد لە نوسخەیەك هەڵبگیرێنو کۆبکرێنەوە. جگەلەوە، وەك لەپارەوە بەکردەوە هەوڵ دراوە، پێویست دەکات یەکێتیەکی دەزگاکانی چاپو بڵاوکردنەوەی کوردستان پێك بهێنرێ، تائەو دەزگایانە -کەمورزۆر- ئاگاداری کاری یەکتر بنو پرۆژەی هاوبەشیان هەبێو ساڵانە پێکەوە پێشانگەی کتێب بکەنەوە، تەنانەت چالاکیی لەوجۆرەیان لە دەرەوەی کوردستانیش هەبێ.

لەڕوانگەی ئەم ڕاستیانەوە، دامەزراندنی (کتێبخانەی نیشتمانیی کوردستان) بۆ تێدا کۆکردنەوەو پاراستنیو بۆپەیداکردنی هەموو سەرچاوەیەكو بەتایبەت سەرچاوەکانی کوردناسی بەزمانانی جیاجیا، پێویستییەکی لە دواکەوتن نەهاتووی یەکجار گرنگە، تا ئەو دەزگایە ببێتە شوێنی پێسپاردنی هەموو لەچاپدراوێکی هەرێم. دواخستنی ئەرکێکی وا لەم کاتەدا، هیچ پاساوێکی بۆ نییە.



سەرباری هەموو ئەمانە، کارێکی بایەخداری تریش لەم قۆناغەدا، سازکردنی بیبلیۆگرافیایەکی فراوانی تایبەت بە کتێبو بڵاوکراوەی تری وەك گۆڤارو ڕۆژنامەیە کە پاش ڕاپەڕین دەرچوون. هێندەی زانراوە، تائێستا وەکوو پێویست دەست بۆ ئەم پرۆژەیە نەبراوە، کە(پێم وایە) تا دوابخرێ، لە داهاتوودا ئاڵۆزترو کێشەو گیروگرفتی زیاتری بۆ پەیدا دەبێ.

# خوێندنی زانستی زانیارییەکان و کتێبخانە.. بۆ ؟

شێرزاد سەعید محەمەد

خوێندنی زانستی زانیارییەکان و کتێبخانە، یاخود ئامادەکردنی کادیری پێشکەوتوو بۆ کتێبخانەکان لە کارە هەرە گرنگ و ژیارییەکانی ئەمڕۆمانە کە ڕۆژ بە ڕۆژ لەسەر ئاستی جیهان و کوردستان لە گەشەسەندندایە .

هەرگۆڕانکارییەك وە هەر پێشکەوتنێك کەبەسەر ئاستی ژیانی ڕۆژانەماندا دێت ئەو گۆڕانکارییانەش پێویستە کتێبخانەکان و پرۆگرامەکانی خوێندنی زانستی زانیارییەکان بگرێتەوە، وەئامادەکردنی ئەمیندارانی کتێبخانە لەڕووی پیشەیی یەوە، پێویستە ئەو گۆڕانکارییانە بیانگرێتەوە، واتە ئەگەر گۆڕانکارییەك سیستمەکانی کتێبخانەی گرتەوە، پێویستە لەبەرامبەردا پرۆگرامەکانی خوێندنی زانستی زانیارییەکان و کتێبخانەش گۆڕانکاری بەسەردا بێت .

بەواتایەکی تر گۆڕانکاری لەسیستمەکانی خوێندندا بەندە بەپێشبینیەکانمان بۆ ئەو گۆڕانکاری و پێشکەوتنانەی بەسەر ئاستی کتێبخانەکاندا دێت لە دوا ڕۆژدا، کە ئەو پێشبینیانە بەرەو ئەوەمان دەبات کە کتێبخانەکانمان لە دواڕۆژدا دەبێت بە کتێبخانەی ئەلکترۆنی و هەموو سیستمە تەکنەلۆجیاکانی تێدا بە کاردێت کە لە کتێبخانەکاندا هەن، ئەمە سەرباری ئەو هەموو سەرچاوە پێشکەوتووانەی کە لە بواری جیاجیاداو بە جۆرەها شێواز دێنە کتێبخانەکان .

ئالێرەوە گرنگی خوێندنی زانستی زانیارییەکان و کتێبخانە دەردەکەوێت، بۆ ئامادەکردنی ئەمینداری کتێبخانەی سەرکەوتوو پێشکەتوو کە هەموو جۆرە زانستەکانی بواری کتێبخانەو زانیارییەکانی خوێندن بێت وە ببێت بە پسپۆڕێك لەو بوارەدا، لەوەش زیاتر لەیەکێك لەبوارەکانی زانستی کتێبخانەدا پسپۆڕی وەرگرتبێت وەك: پێڕست، پۆلێن، بیبیلۆگرافیا، ڕێبەر، کورتکراوەکان .....هتد.

لێرەدا ئەو ئاستانە دەخەینە ڕوو کە پێویستە بۆ خوێندی زانستی زانیارییەکان و کتێبخانەوە ئەو بوارو بابەتانەی کە ئەم زانستە دەیگرێتە خۆ:

## یەکەم / ئاستەکانی خوێندنی زانستی کتێبخانە

خوێندنی زانستی کتێبخانە لەسەر ئاستی هەموو جیهان بە چەند ئاست و قۆناغێکدا دەڕوات لەوانە:

١- کردنەوەی خولی خێراو پێشکەوتوو بۆ ئەو فەرمانبەرانەی کەلە ئێستادا لەبەشە جیاجیاکانی کتێبخانەدا کاردەکەن، بۆ پێدانی زانیاری نوێ لەو بوارەداو بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری ئەو کارمەندانە بە جۆرێك لەگەڵ پێشکەوتنەکانی سەردەمدا بگونجێت.

٢- پرۆگرامی ئامادەکردنی ئەمیندارانی کتێبخانە لە ڕێگای خوێندنی پەیمانگاکانەوە کە ماوەی خوێند دوو ساڵ بێت دوای خوێندنی ئامادەیی، تێدا زانستەکانی بواری کتێبخانەو زانیارییەکان و هەندێ بابەتی تری گرنگ دەخوێنرێت و دوای دووساڵەکە دەرچوو بڕوانامەی دبلۆمی پێدەدرێت لەو بوارەدا.

٣- پرۆگرامی خوێندن بۆ ماوەی چوارساڵ، لەڕێگایەوە خوێنکار زانیارییەکان لە بواری زانستی کتێبخانەو زانیارییەکان بەشێوەیەکی فراوانترو پێشکەوتوو تر وەردەگرێت بەبەراوورد لەگەڵ خوێندنی دبلۆمدا، دەرچوو بڕوانامەی بکالۆریۆسی پێدەدرێت لە بواری زانیارییەکان و کتێبحانەدا.

٤- پرۆگرام لەسەر ئاستی خوێندنی باڵا، واتە دوای تەواو کردنی خوێندنی بکالۆریۆس لەبواری زانیارییەکان و کتێبخانەدا بۆ بەدەست هێنانی بڕوانامەی دبلۆمی باڵا کەماوەکەی یەك ساڵە یاخود بڕوانامەی ماستەرو دکتۆرا.

خوێندنی زانستی زانیارییەکان و کتێبخانە بۆ یەکەم جار لە (ئەڵمانیا) دەستی پێکرد لەساڵی (١٨٨٦) لە زانکۆی (جوتنجن)، دواتر هەمان خوێندن لە ئەمەریکا دەستی پێکرد کە لەلایەن زانای بەناوبانگی بواری کتێبخانەو زانیارییەکان (ملڤل دیوی) و دانەری سیستمی (پۆلێنی ملڤل دیوی) بۆ پۆلێنی سەرچاوەکانی کتێبخانە لەساڵی ١٨٨٧لە زانکۆی (کۆلۆمبیا) لە نییۆرك، لە بەریتانیاوە لە شاری لندن یەکەم خوێندن لەو بوارەدا دەستی پێکرد لەساڵی ١٩١٩. لەئەمەریکا یەکەم خوێندنی باڵا لە ساڵی ١٩٢٦ لە شیکاغۆ دەستی پێکرد، لەو بەروارە بەدواوە چەندەها کۆلیج و زانکۆ لەو بوارەدا کرانەوە. وە ئێستا لە وڵاتێکی وەك ئەمەریکا کەمترین بڕوانامە لە بواری کتێبخانەو زانیارییەکان (بڕوانامەی دکتۆرا) یە.



لەسەر ئاستی وڵاتە عەرەبییەکانیش وڵاتی (میسر) بە پێشەنگ دادەنرێت کەلە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو دەست کراوە بە خوێندتی ئەم زانستە وەئێستا لە زانکۆی (قاهرە) کۆلیجی ئاداب بەشی بەڵگەنامەکان و کتێبخانە هەیە کە پلەی لیسانس و ماسترو دکتورا دەبەخشێت لەو بوارانەدا.

لە عێراقیش لە ناوەڕاستی پەنجاکان بە دواوە گرنگی بەم زانستە دراوەلە ڕێگای کردنەوەی خول بۆ کارمەندانی کتێبخانەکان، بەڵام خوێندنی ئەکادیمی لە کۆتایی حەفتاکاندا بەپلەی دبلۆمی دووساڵە دەستی پێکرد، دواتر بۆکۆلیج، ئێستا لەهەر سێ زانکۆی موستەنسریە، بەسرە، موسڵ ئاستی خوێندن لە وبەشەدا گەیشتووەتە دکتۆرا.

لەکوردستانیش لەدوای ڕاپەڕین گرنگی دراوە بەخوێندنی ئەکادیمی لەم بوارەدا کە ئاستەکەی تاوەکو ئێستا لە ئاستی دبلۆمدایە لەهەردوو پەیمانگای تەکنیکی هەولێرو سلێمانی، هەوڵی زۆریش لەئارادایە کە ئەو ئاستە بەرزکرێتەوە بۆ ئاستی باڵاتر.

## دووەم / بوارەکانی خوێندن

١- سەرچاوەکانی زانیاریی لە کتێب و گۆڤارو سەرچاوەچاپکراوەکانی تری چاپکراو سەرچاوە دەنگی و ڕەنگییەکان.

٢- سوودمەندەکان لەم سەرچاوانەو پێویستیەکانیان و جۆرەکانیان.

٣- بوارە کۆمەڵایەتی و فێرکردن و توێژینەوەی ئەم سوودمەندانە لە خزمەتگوزارییەکانی کتێبخانە.

٤- هۆکارە هونەری و پێداویستیەکان بۆ کۆکردنەو هەڵگرتن و سەرلەنوێ بەکارهێنانەوەی ئەم زانیارییانە بە بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای نوێ.

٥- ڕێکخستنی کاروباری بەڕێوەبردن و هونەری لەسەر ئاستی وڵات و ناوچەو بۆ هەموو جۆرەکانی کتێبخانە.

ئەو زانیارییانەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا لەوانەیە هەموو هاوکۆك و هاوڕانەبین لەسەری و لەهەندێ بواردا زیادو کەم هەبێت، بەڵام ئەوەی کە پێویستە هاوکۆك و هاوڕابین لەسەری ئەوەیە کە پێویستە بۆ ئەم سەردەمی پێشکەوتن و تەکنەلۆجیای زانیارییە کە کتێبخانەکانمان پێویستی بەکادیری کتێبخانەو ئەمینداری پێشکەوتوو هەیە کەشارەزا بێت لە هەموو بوارەکانی تەکنەلۆجیای زانیارییەکان و کتێبخانە. چونکە ئەگەر کارێك یاخود پیشەیەك یاخود چالاکیەی مرۆڤانە هەبێت کە پێویست بەتێگەیشتنێکی قوڵی کۆمەڵگا بکات ئەوا ئەو پیشەو چالاکیە پیشەی کتێبخانەیە.

چونکە گۆمەڵگا ئەو بوارەیە کە ئەمینداری کتێبخانە کاری تێدا دەکات، وەسەرکەوتنی ئەمینداری کتێبخانە لە کارەکانیدا دەبێتە سەرکەوتنی کۆمەڵگا. وەهەرگۆڕانکاریەکیش بەسەر کۆمەڵگادا بێت کاریگەری لەسەر ئەمینداری کتێبخانە دروست دەکات.

کەواتە پێویستە ئەمینداری کتێبخانە کادیرێکی سەرکەوتوو بێت وەلەهەمووبوارەکانی ژیاندا زانیاری هەبێت لەسەر کۆمەڵگاو پێداویستیەکانی ئەمەسەرباری ئەوەی کەشارەزای لەبواری زانیارییەکان و کتێبخانە هەبێت. ئەمەش ئامانجەکەی ئێمەیە کە دەبێت بۆ لەمەودوا ئەمیندرانی کتێبخانە کەمتر لە بڕوانامەی دبلۆمیان نەبێت لەم بوارەدا.

هەروەها دەبێت ئەمیندارانی کتێبخانە شارەزاییان هەبێت لەبوارەکانی زانستی گەیاندن و کۆمپیوتەرو ئامارو زمان و بوارەکانی تری زانست وەك کیمیا و مێژوو جوگرافیا و فەلسەفەو .....هتد.

## سێیەم / پێداویستیەکانی فێرکردنی زانستی کتێبخانە

١- ئامادەکردنی خوێندکارانی ئەم بوارە بەجۆرێك کە لەگەڵ پێشکەوتنەکانی بواری کتێبخانەو زانیارییەکاندا بگونجێن، ئەویش بەبەکارهێنانی کۆمپیوتەرو هۆکارەکانی تری گەیاندنی زانیاری.

٢- دانانی بنکەیەکی فێکردنی فراوان بۆ ئەمیندارانی کتێبخانەکان، کەلەداهاتوودا بەردەوام لەهەوڵی بەدەست هێنانی زانیاری نوێدا بن بەتایبەتی لەو بوارەی کە ئەمیندار تایبەتمەندە تێیدا لەزانستی کتێبخانەو زانیارییەکان.

٣- پێناسەکردنی ئەو بوارانەی کەئەمیندارانی کتێبخانە کاری تێدا دەکەن، وە هەوڵدان و هاندانیان بۆ بەدەست هێنانی پسپۆڕی لەو بوارانەدا، وەدوورکەوتنەوە لەو بوارانەی کەتایبەتمەند نین و فەرمانبەری ئاسایی دەتوانێت ئەو کارانە ئەنجام بدات.

٤- دانانی پرۆگرامی خوێندنی بەردەوام بۆ ئەمیندارانی کتێبخانە لەبوارەکانی وەك، بەکارهێنانی سیستمە جیاجیا کانی کۆمپیوتەر، زانستی زانیارییەکان، هۆکارەکانی بیستن و بینینی سەردەمیانە، کارە ئیداری و هونەرییەکانی کتێبخانە، یاساکانی کتێبخانە.

پێویستە ئاستی خوێندنی تەنها لەو ئاستەدا نەوەستێت کەتەنها ئەمیندار بڕوانامەیەك بەدەست بهێنێت، بەڵکو پێویستە سیستمی خوێندنی بەردەوام پەیڕەو بکرێت، ئەگەرچی ئەم سیستمی خوێندنی بەردەوامە هەموو زانستەکان و بوارەکان دەگرێتەوە بەڵام بۆ بواری کتێبخانە زۆر زیاترو گرنگترە.

٥- گەڕان بەدوای ئەو کێشەو پێداویستیانەی کە تایبەتن بەم بوارە وەهەوڵ بدرێت بۆ دۆزینەوە ڕێگە چارەی گونجاو.

٦- دۆزینەوەی ڕێگای نوێ بۆ ووتنەوەی وانە لەم بوارەدا.

٧- دروستکردنی گروپێکی سەرکەوتوو لەبواری ووتنەوەی وانەکانی زانیاری و کتێبخانەدا، وە دابین کردنی دەرماڵەی گونجاو بۆ هاندانی مامۆستای سەرکەوتوو بۆ ووتنەوەی وانە لەم پسپۆڕییەدا.

٨- دابین کردنی ئامێری پێویست و سەرچاوەی پێشکەوتوو بۆ سەرخستنی پرۆگرامی خوێندن لەسەر ئاستێکی بەرز.

٩- دابین کردنی هەلی کارکردنی زۆر بۆ دەرچووانی ئەم بەشە، بەتایبەتی کە کوردستان ژینگەیەکی لەبارە بۆ دامەزراندنی زیاترین ڕێژە لەدەرچووانی ئەم بەشە لە بیست ساڵی داهاتوودا.

پێویستە بەبەردەوامی پرۆگرامەکانی خوێندنی زانستی زانیارییەکان و کتێبخانە لەژێر چاودێری دابێت وە بەبەردەوامی گۆڕانکاری بەسەردابێت بەجۆرێك کە لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەمدا بگونجێت لەبوارەکانی زانستی کتێبخانەو پیشەی کتێبخانەو کۆمەڵگا.

# کتێبخانەی ئینستیتیوتی کەلەپووری کورد

ئاسۆی کتێبخانە



**ئینستیتیوت ڕێکخراوێکی ناحکومییە (NGO) و لە سەرەتای ساڵی (٣٠٠٣)ەوە لە سلێمانی دامەزراوەو دواتر لە هەردوو شاری (دهۆك و کەرکووك) ئۆفیسی کردووەتەوە، هەوڵ بۆ کۆکردنەوەو ئەرشیڤکردنی بوارە جیاجیاکانی کەلەپووری کوردیو فۆلکلۆر دەدات. ئەم ڕێکخراوە، لە هەندێك ناوچەی کوردستاندا نوێنەری هەیە کە بۆ کۆکردنەوەی فەرهەنگی نەتەوەی کوردو کەمایەتییەکانی کوردستان، سوودیان لێ وەردەگرێت.**

**شێوازی ئەرشیفکردنو پۆلێنکردنی کتێبخانەی ئینستیتیوتی کەلەپووری کورد، تایبەت و جیاوازە لە کتێبخانەکانی تری کوردستان، چونکە بۆ پۆلێنکردنی کتێبخانەکە، پشتی بە سیستمێکی باو "بەکارهاتوو" نەبەستووە، بەڵکو بە پشت بەستن بەڕاو بۆچوونی کۆمەڵێك پسپۆڕو شارەزایانی بواری کتێب و کەلەپووری کوردی، ڕێکخراوە.**

لەماوەی ئەم چەند ساڵەدا، دەربارەی بوارە جیاجیاکانی کەلەپوور و فۆلکلۆری کوردی، چەندین چالاکی ئەنجام داوە، لەوانە: چاپکردنی دەیان کتێب و بەرهەمهێنانو بڵاوکردنەوەی کۆمەڵێك بەرهەمی کەلتووری دەنگو ڕەنگ. لەگەڵ هەندێك چالاکی تر، وەك: فێستیڤاڵو کۆنسرێتو ...تاد. ئینستیتیوت لەم بەشانە پێکهاتووە: کتێبخانە، ئەرشیفی دەنگ و ڕەنگ (VIDEO & AUDIO)، ستۆدیۆی دەنگو بەرهەمهێنانی دەنگو چاپکردنی (CD) و (DVD).

### کتێبخانەی ئینستیتیوت

لە سەرەتای ساڵی (٢٠٠٣) و لەگەڵ دامەزراندنی ئینستیتیوتدا، ئەم کتێبخانەیە بایەخی پێدراوەو تاکو ئێستا پتر لە (٥٠٠٠) پێنج هەزار ناونیشان دەربارەی کەلەپووری کوردیی و زانستی پەیوەست بەم بوارە، بە زمانانی: کوردی، فارسی، عەرەبی، تورکیو ئینگلیزی، لەخۆدەگرێت، بە مەزەندەی نووسەرانو ڕۆشنبیرانی کوردو بیانی (ئەوانەی کەڵکیان لێوەرگرتووەو سەردانیان کردووە)، بە کتێبخانەیەکی دەوڵەمەندو زانستیی کوردی، دادەنرێت. هەروەها تاکە کتێبخانەی کوردییە کە خاوەنی (بیبلیۆگرافیا)یەکی تایبەت بە خۆی بێت (١).

شێوازی ئەرشیفکردنو پۆلێنکردنی کتێبخانەی ئینستیتیوتی کەلەپووری کورد، تایبەت و جیاوازە لە کتێبخانەکانی تری کوردستان، چونکە بۆ پۆلێنکردنی کتێبخانەکە، پشتی بە سیستمێکی باو "بەکارهاتوو" نەبەستووە، بەڵکو بە پشت بەستن بەڕاو بۆچوونی کۆمەڵێك پسپۆڕو شارەزایانی بواری کتێب و کەلەپووری کوردی، ڕێکخراوە. لەهەمانکاتدا لە شێوازی ئەرشیڤکردنی کتێبی نێو کتێبخانەکەدا، پشت بە سیستمێکی نوێ بەستراوە کە هەمان ئەم شێوازە لە دروستکردنی بیبلیۆگرافیاکە و دابەزاندنی کتێبەکان لەسەر ماڵپەڕی تایبەت بە ئینستیتیوت (www.khi03.com) پێڕەو کراوە.

لەم کتێبخانەیەدا چەند زانستێکی کەلەپووری کوردی پشکی گەورە وەردەگرێت و هەر یەکێکیان کۆدی تایبەتیان هەیە، وەك:

١- مێژووی کورد: ئەم بەشە پتر لە ١٠٠٠ کتێب لەسەر هەموو بوارەکانی مێژووی کورد و گەشتنامە و بیرەوەری و لێکۆڵینەوە... لەخۆدەگرێت.

٢- ئایینەکان: کتێب لەسەر ئەو ئایین و ئایینزایانەی کە لە کوردستاندا پێڕەو کراون و تاکو ئێستا پێڕەو دەکرێن.

٣- ئەدەبی کلاسیکی کوردی: دیوانی شاعیرانی کلاسیك و لێکۆڵینەوە دەربارەیان.

٤- زمان و ڕێزمان و فەرهەنگی کوردی: ئەو فەرهەنگانەش دەگرێتەوە کە لە زمانانی ترەوە لە بەرامبەر "زمانی کوردی"دا ڕێکخراون.

٥- هونەر: ئەم بەشە کتێب لەسەر هەموو بوارە هونەرییە فۆکلۆریی و کەلەپووریی و نوێکانیش لەخۆدەگرێت، وەك: موزیك و گۆرانی کەلەپووری، بەشە هونەرییەکان لە کەلەپووری کورددا "وەك: هونەری فەرش و چنین، بیناسازی لە هونەری فۆتۆگرافدا".

٦- فۆلکلۆر: لەم کتێبخانەیەدا سەدان کتێبی فۆکلۆری کۆکراونەتەوە و بەشێوەیەکی زانستی لە چەند کۆدێکی جیاوازدا ژمارەیان وەرگرتووە، وەك:

١- گۆرانی "بەشی گۆرانی دوو کۆدی سەربەخۆی هەیە کە یەکێکیان تایبەتە بەو کتێبانەی تێکستی فۆلکلۆرییان کۆکردووەتەوە، ئەوی دیکەشیان تایبەتە بەو کتێبانەی کە لەبواری موزیك و میلۆدییەوە کاریان تێدا کراوە".

٢- پەخشان "چیرۆك، ئەفسانە، سەرگوزشتەو نوکتە".

٣- پەندی پێشینان.

٤- مەتەڵ.

٥- وەرزش و یاری.

٦- دابونەریت.



٧- پیشەکان.

٨- دەرمانسازی و ...تاد.

خاڵێکی زۆر گرنگ کە پێویستە لەم کتێبخانەیەدا هەڵوێستەی لەسەر بکەین، ئەمەیە کە لە ئەرشیڤکردنی کتێبەکاندا شێوازێکی زۆر تایبەت بەکارهاتووە، چونکە یەکێك لە کێشە سەرەکییەکانی کتێبی کوردی، شێوازی ڕێکخستنو ئامادەکردنو نووسینیەتی ...تاد، واتە مەرج نییە کتێبێك لە یەك بابەتدا زانیاریی تێدابێت، بەڵکو ڕەنگە چەندین بابەتی باس کردبێت، کە ئەمەش لە پۆلێنکردندا گرفت دروست دەکات... لە ناساندنی کتێب لەم کتێبخانەیەدا، لەناو کۆمپیوتەردا شێوازێکی تایبەت بەکارهاتووە کە دواتریش لە سەر ماڵپەڕی تایبەت بە ئینستیتیوت بەکارهاتووەتەوە. ئەم شێوازە دوو زانیاری بە "خوێنەر" دەبەخشێت کە (ناسنامە) و (ناوەڕۆك)ی کتێبەکەیە. ناسنامەکە بۆ دۆزینەوەی کتێبەکەیە، چونکە هەموو زانیارییەکی وەك: ناوی نووسەر، دەزگای چاپ، ساڵ و شوێن، چاپخانە، (ISBN) یان ژمارەی سپاردنت، پێدەدات. ناوەڕۆکی کتێبەکەش، نووسینەوەی ئەو باس و بابەتانەیە کە لە کتێبەکەدا هاتوون "ئەگەر لە خودی کتێبەکەدا هەبێت"، ئەگەریش نەبێت، خۆیان بۆیان دروست کردووە. تاکو ئێستاش لەسەر ماڵپەڕی ئینستیتیوت نزیك بە (٢٠٠٠) کتێب بەسەر پتر لە (٤٥) بابەتی کەلەپووریدا دابەشکراون، بەڵام ئێستا سەرقاڵی دابەزاندنی ئەم زانیارییانەن لەسەر (داتابەیسێك) کە دوای تەواوبوونی، دەبێتە بەشێکی گرنگ لە ماڵپەڕەکەدا و لە دۆزینەوەی سەرچاوە و بابەتو باسەکاندا، کارئاسانی تەواو بۆ خوێنەر دەکاتو لەگەڕان بەشوێن هەر زانیارییەکدا، خوێنەر بێ وەڵام نابێت و لەناو داتابەیسەکەدا دەیدۆزێتەوەو دواتریش هەر داتابەیزەکە ناسنامەی کتێبەکە بە خوێنەر دەدات و ئەویش دەتوانێت وەربگرێتو وەك سەرچاوەیەك بەکاری بهێنێت. ئەوەی ڕاستی بێت، ئەمە نوێترین سیستمە کە لە کتێبخانەی کوردیدا بەکارهاتبێت، چونکە کۆمەڵێك گرفتو کێشەی کتێبی کوردیو خوێنەرو لێکۆڵەر، ئاسان دەکات.

ماوەتەوە بڵێین: لەم کتێبخانەیەدا، سەدان کتێب بە هەموو زاراوەکانی زمانی کوردی "بە پیتی عەرەبی و لاتین" کۆکراونەتەوە، واتە: بایەخ بە هەموو دیالێکتەکانی زمانی کوردی دراوە.

*(١): بڕوانە: بیبلیۆگرافیای کتێبی فۆلکلۆری کوردی لەنێوان ساڵانی ١٨٦٠- ٢٠٠٤، پرۆژەی کتێبخانەی ئینستیتیوتی کەلەپووری کورد، ئامادەکردنی: بوار نورەدین، پێشەکی و پێداچوونەوەی: پرۆفیسۆر د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، سلێمانی، ٢٠٠٤، چ (شڤان).*

# دەروازەیەك بۆ زانستی كتێبخانەكان

(٢-٢)

ئا. یاسین قادر بەرزنجی

(٣)

## كارە هونەرییەكان

ئەو كارو پرۆسانەن كە لەگەڵ سەرچاوەكانی زانیاریدا ئەنجام دەدرێن و مەبەست لێیان ڕێكخستنیانە بۆ نێو دۆڵابەكانی كتێبخانە و ئاسانكاریی بۆ بینین و ناسینیان و بە باشی بەكارهێنانیان لە نێو كتێبخانەدا، ئەوانیش بریتین لە:

### ١- گەشە پێدانی سەرچاوەكانی كتێبخانە
Acguistion

هاوكات بەناوی سەرچاوە بەدەستهاتووەكان (التزوید) ناودەبرێت، ئامانجی گەشەپێدانی كتێبخانەیە بە دابینكردنی سەرچاوەكانی زانیاریی نوێ كە لەگەڵ خواستی سوودمەنداندا بگونجێن، چەند ڕێگایەكیش بۆ بەدەستهێنانی سەرچاوەكان هەیە، ئەوانیش: كڕین، ئاڵوگۆر، دیاریو وەدەستخستنی چاپكراوەكان لەو دامودەزگایەی كە كتێبخانەكە پەیوەستە پێیەوە، هەرچۆن ئەم كارە گرنگە ئەركی دیكەش دەگرێتە خۆی، وەكو هەڵسەنگاندنی سەرچاوەكان، پاكژكردنەوەو لابردنی ئەو چاپكراوانەی بایەخدار نین، بەشداریی پێكردنی سەرچاوەكان لەگەڵ كتێبخانەكانی تردا كە پێی دەگوترێ (لەخۆگرتنی هەرەوەزییانە).

### ٢- پێڕستی وەسفیی
Descriptive Cataloging

یەكێكە لە كارە هونەرییەكان كە لەگەڵ سەرچاوەكانی زانیاریدا دەكرێن و بریتیە لە وەسفكردنی سیمای مادیی سەرچاوەكان، بە هۆی چەند زانیارییەكەوە كە ناسنامەی سەرچاوەكەو چۆنێتی جیاوازیی لە سەرچاوەی تر دیاریی دەكات، وەكو: ناوی نووسەر، ناونیشان، چاپ، جێگای بڵاوبوونەوە، بڵاوكەرەوە، مێژووی بڵاوكردنەوە، ژمارەی لاپەڕەكان، قەوارەی سەرچاوەكە، زنجیرە، سەرنجەكان، ژمارەی نێو دەوڵەتیی یەكگرتوو (ISBN). ئەم زانیارییانە بە زانیاریی بیبلیۆگرافی ناودەبرێن و پشت بە ڕێسای نێودەوڵەتیی دەبەستێت كە پێڕستكاران لە كاری كتێبخانەیی خۆیاندا پێڕەوی دەكەن و دیارترینیان بنەماكانی پێڕستی ئەنجلۆ- ئەمریكییە (AACR).

گوزارشتكەر لە بابەتەكە دیاریی دەكرێ كە لە ژێریدا واتە لە پێڕستدا دەروازەی گشتی مادەكان دیاریدەكرێت كە بابەتەكان دەخەنەڕوو. هەرچۆن بۆ بەردەستی پێڕستكاران و بۆ هەڵبژاردنی سەرەبابەتەكانیان لیستی تایبەت هەیە، كە ئەوانیش بە لیستی سەرەبابەت ناودێر كراون. دیارترینی ئەو لیستە عەرەبیانە لیستی سەرەبابەتی عەرەبیی گەورەیە و لە بیانییەكانیشدا لیستی سەرەبابەتی كتێبخانەی كۆنگرێسە لە ئەمریكا.

### ٤- پۆلێن Classification

بریتییە لە كۆكردنەوەی شتە لەیەكچووەكان بەپێی لە یەكچوویی نێوانیان و جوداكردنەوەی شتە لەیەكنەچووەكان بەپێی لەیەكنەچوون و نەگونجاویی نێوانیان، لە بواری كتێبخانەكانیشدا بریتییە لە كۆكردنەوەی ئەو كتێبانەی كە باس لە یەك بابەت دەكەن لە نێو یەك خانەدا، بەپێی هێمای تایبەت بە هەر كتێبێك كە بەپێی بابەتەكانیان دیاریی دەكرێن. بیرۆكەی پۆلێن كردن، دابەشكردنی سەرچاوەكانی زانیارییە بەسەر چەند بەشێك و لە ژێر هەر بەشێكیشدا لقی دیكە هەن و ئەوانیش بەسەر چەند لقی دیكەدا دابەش دەبن و بەو شێوەیە.

بۆ هەر یەكێ لەبابەتەكان هێمای دیاریكراو هەیە كە ڕەنگە ژمارە یان پیت بن، یاخود هەردووكیان. هەرچۆن پێڕەوی پلانی پۆلێن كردن دەكرێت و دیارترین پلانیش لەسەر ئاستی جیهان (پۆلینی دیوی عشری) یە، هەروەها پۆلێنی كتێبخانەی كۆنگرێس.

### ٥-ڕێبەری كردن Lndexing

كاری درووستكردنی ڕێبەرەكانە و بریتییە لە پڕۆسەی شیكردنەوەی ناوەرۆكی كتێب و خولاوەكان (الدوریات) و ڕۆژنامەكان بە مەبەستی دیاریكردنی بابەتی وتارەكان. چەند جۆرێ ڕێبەر هەن، وەكو ڕێبەری كتێب و خولاوە و ڕۆژنامە و ڕێبەری بابەتەكان و ڕێبەری نووسەران و ناونیشانەكان، ئەم كارە دوو ڕێگا دەگرێتە خۆ، یەكەمیان دەروازە، یان ئەو ڕەگەزەی كە ڕێبەرەكانیان پێ ڕیزبەند دەكرێ، دووەمیش ئاماژەكان، واتە ئەو زانیارییانەی كە هەر كەرەستەیەكی ڕێبەركراو دەیگرێتە خۆ.




### ٣- پێڕستی بابەتیی
Subject Cataloging

كارێكی دیكەی هونەرییە كە لەگەڵ سەرچاوەكانی زانیارییدا ئەنجام دەدرێت و بایەخدانە بە ناوەرۆكی هزریی، یان بابەتیی سەرچاوەی زانیاری، واتە دیاریكردنی ئەو بابەتە كە سەرچاوەكە تایبەتە پێی و بە پیت و گوتەی

### ٦- پوختە Abstractiong

پرۆسەیەكی تەواوكارە بۆ ڕێبەریكردن و تیایدا زانیاریی لە سەر كەرەستە ڕێبەركراوەكان دەخاتە ڕوو، لەجۆری پوختەكانیش ئاماژە بە (پوختەی ڕاگەیاندن، پوختەی وەسفیی، پوختەی ڕەخنەیی و پوختەی بچووككراوە) دەكەین، بەهۆی بوونی هەندێ پوختەشەوە پێویست بە




گەڕانەوە بۆ چاپكراوی ئەسڵی ناكات.

(٤)

## خزمەتگوزارییەكانی كتێبخانەو زانیارییەكان

بە شێوەیەكی گشتی، بریتین لە ئامانجە ڕەهاكانی دامەزراندنی كتێبخانە، یان سەنتەر و دامەزراوە زانیارییەكان، چونكە هەرچەندە كتێبخانە جێگای خۆی و سەرچاوەی هەبێت و بۆ ئامادەكردن و خستنەبەردەستی سەرچاوەكانیش، كۆششی باش كرابێت، ئەگەر هەموو ئەوانە خزمەتگوزاریی خێرا و كاریگەری بەدوادا نەیەت، بایەخێكی ئەوتۆیان نابێت.

بە هۆی ڕێنمایی و ئاڕاستەكردنەوە، خوێنەری هامشۆكەر دێنە كتێبخانەوە، چونكە لەمەڕ چۆنێتی سوود وەرگرتن لە سەرچاوەكانی و بەكارهێنانی كەرەستە و ئامێرەكانی، بیرۆكەیەكی ئەوتۆی نییە، هەربۆیە پێویستە كتێبخانە "هامشۆكەر" فێر بكات كە چۆن چۆنی و بە بێ هاوكاریی كەسانی تر، سوود وەربگرێت.

### خزمەتگوارییەكانی كتێبخانەش بریتین لە :

### ١-خوێندنەوە لەناو كتێبخانەدا

سەرچاوەی وا هەن كە نابرێنە دەرەوەی كتێبخانە، ئەمە جگە لەوەی خوێنەری وایش هەن كە هەلومەرجی ماڵەكانیان یاریدەدەر نییە بۆ خوێندنەوەو لە كتێبخانەدا دەخوێننەوە، هەربۆیە كتێبخانە دەبێ بەردەوام خزمەت و هاوكاریی ئەم جۆرە خوێنەرە بكات و پێویستە كەشێكی لە باریان لە ڕووی كورسی و مێز و پانتایی گونجاو بۆ كەرەستەكان و گەرمی و ساردیی هۆڵەكان، بۆ دروست بكات.

### ٢- خواستی دەرەكیی Borrowing

ڕێگاپێدانی خوێنەرە بۆ خواستن و بردنە دەرەوەی سەرچاوەكانی زانیاریی بۆ دەرەوەی كتێبخانە بۆ ماوەیەكی دیاریكراو، كە ئەمیش بە پێی مەرجی تایبەت و گەڕانەوەی لەوادەی خۆیدا، هەروەها پێویستە هەر كتێبخانەیەك بۆ بەجێهێنانی ئەم خزمەتگوزارییە پلان و ڕێنمایی خۆی هەبێت، وەك: ژمارەی كتێبە خوازراوەكان بۆ بردنە دەرەوە، ماوەی خواستن، دەرفەتی سەرلەنوێ تازەكردنەوەی خواستن، ئەو بڕە پارەیەی لە كاتی دواخستنی سەرچاوەی خوازراو لە خوێنەر وەردەگیرێت، سەرچاوە ڕێگاپێدراو و پێنەدراوەكان بۆ خواستن (لە فەرهەنگ و گۆڤار و ڕۆژنامەكان)، لەگەڵ دەسەڵاتی هەڵگرتن و شاردنەوەی هەندێ سەرچاوە لە خوێنەر.

### ٣-خزمەتگوزاریی بیبلیۆگرافی
Bibliographic Service

واتە ئامادەكردنی لیستەی سەرچاوەكانی زانیاریی بۆ هەریەك لە بابەتەكان. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە كتێبخانە سوود لە سەرچاوەكانی خۆی و ئەو بیبلیۆگرافیا و پێڕستانە وەربگرێت كە بە دەر لە سەرچاوەی نێو كتێبخانەكە بۆ بەرهەمە هزرییەكان ئامادەكراون، ئەم خزمەتگوزارییە سوود بە توێژەران دەگەێنێ بۆ زووتر دۆزینەوەی ئەو سەرچاوانەی كە بۆ توێژینەوەكانیان پێویستیان پێی دەبێت.

### ٤- وەڵامدانەوەی پرسیار

كە خزمەتگوزاریی سەرچاوەیی "Reference Service" پێدەڵێن و بە هۆیەوە توێژەر و سوودمەند سەبارەت هەر بابەتێك كە بیانەوێ پرسیار و سۆراغی خۆیان دەكەن و كتێبخانەش بە هۆی كۆمەڵەی سەرچاوەكانیەوە و بە هۆی سەرچاوەی زانیارییەكانی دیكەی وەكو (ئینتەرنێت)ەوە، هاوكارییان دەكات بۆ دۆزینەوەو بەكارهێنانی سەرچاوەكان.

### ٥-لەبەرگرتنەوە Photo Copying

دەبێ كتێبخانە ئامێرەكانی لەبەرگرتنەوەی دەستنووس و چاپكراوەكانی بخاتە بەر دەستی هەر كەسێ كە پێویستی بە وێنەی چەند لاپەڕەیەك هەبێت، ئەمەش فشار لەسەر كتێبخانە و خواستن كەم دەكاتەوە و هاوكات خزمەتی كاتەكانی توێژەریش دەكات، زۆربەی جار ئەم خزمەتگوزارییە بە نرخێكی بەرامبەرە و كتێبخانەكان بە پێی پرەنسیبی خۆیان و بۆ پاراستنی مافی دانەر و توێژەر، ڕێگا بە لەبەرگرتنەوەی توێژینەوە زانستیەكانی خوێندنی باڵا نادەن.

### ٦- پەخشی هەڵبژاردەی زانیارییەكان
Selective Dissemination of Information (SDI)

خزمەتگوزارییەكی نوێیە و بەهۆی كۆمپیوتەرەوە ئەنجام دەدرێت، ئەویش دوای تۆماركردنی زانیاریی سەبارەت هامشۆكەرە خوێنەرەكان، وەك: ناو و ناونیشانیان، بواری بایەخیان، ئەو زمانانەی كە دەیزانن و...تاد. كاتێكیش هەر سەرچاوەیەكی نوێ بگاتە كتێبخانە، ئەوا كورتەیەكی دەگەێنرێتە خوێنەری مەبەست.

### ٧- ئاگاداركردنەوەی هەنووكەیی
Current Awarenss

ئەم خزمەتگوزارییە، مەبەستی ئاگاداركردنەوەی خوێنەرانە بە سەرچاوەی زانیاریی نوێ، ئەویش بە سێ ڕێگا دەبێت:

أ- وێنەگرتنەوەی لیستێ بە ناوەرۆكی ژمارەی گۆڤارە هاتووەكان و ناردنی بۆ سوودمەندان.

ب- نمایشی بەرگی كتێبە نوێیەكان لە ناو دەروازەی كتێبخانەدا.

ج- دەركردنی بڵاوكراوە بۆ خستنە بەرچاوی سەرچاوە نوێیەكان.

**سەرنج:**
بۆ ئامادەكردنی ئەم بابەتە، سوود لە چەند ماڵپەڕێكی ئینتەرنێت وەرگیراوە.

# نە..خوێندەواری!

**سیروان رەحیم- ئەڵمانیا**

هەندێ جار بیر لەوە دەکەمەوە لە کوردستانی "باشور" ژمارەی بڵاوکراوەو کتێب لە ژمارەی خوێنەران تێپەڕی کردووە. دەپرسم و وەڵامێکی بەرجەستە بۆ خۆم نادۆزمەوە کە ئەم ڕەوشە بۆ وەهایەو بەرەو کوێمان دەبات.

بۆ لە نیشتمانی ئێمە ئەوانەی مەیلی خوێندنەوەیان هەیە ژمارەیان زۆر کەمە؟

لە وڵاتێکدا ژمارەی مامۆستایان (قۆناغی سەرەتایی تا زانکۆ) سەدان هەزار بن، ژمارەی ئەندازیارو دکتۆر دەیان هەزار بن و چەندین سەد هەزاری دیکەیش خوێندکار هەبن، باشە بۆ تیراژی کتێب ئەوەندە لە ژێرە. بۆ لە ناو ئەو هەموو خوێندەوارەدا باشترین کتێبی ئێمە چەند سەد دانەیەکی لێ دەفرۆشرێت؟ ئەمە مایەی لەسەر وەستان نییە؟ ئەی بۆ تا ئێستا کەس قسەی بەدەربەستی لە بارەوە نەکردووە؟ بۆ ئەو ڕەوشە تا ئێستا نەبووە بە هۆکاری بیرکردنەوە پلانان دانان لە پای گۆڕانکاری بنچینەیی لە سیستەمی پەروەردەو خوێندنی ئێمەدا.

کورد لە دیرۆکی کۆن و نوێی خۆیدا چەند هەزار "ناونیشان" کتێبی چاپ کردووە؟ وەکو زۆر شتی ترمان، ژمارەیەکی دروستمان لەبەردەست نییە. بەڵام لە خاڵی دەسپێکی چاپەوە تاکو ساڵی ٢٠٠٩ ، بەسەریەکەوە باوەڕ ناکەم ناونیشانی کتێبگەلی چاپکراوی ئێمە لە دە هەزار ناونیشان تێپەڕ بکات، هیوادارم لەو ژمارەیە زۆرترمان هەبێت، بەڵام باوەڕ ناکەم. دیارە بە هیچ کلۆجێك نامەوێ لە هیچ بوارێکدا کوردستان و ئەڵمانیا بەراورد بکەم، ئەوە کاری نەکردەیە. بەراورد لە هەموو بوارەکاندا دژوارو سەختە، ئەگەر نەڵێم مەحاڵ. بەڵام لێرەدا سەرنجراکێشە ئاماژە بە ژمارەی ئەو ناونیشانگەلە بکەم کە ساڵانە لە ئەڵمانیا چاپ دەبن. ناونیشانگەلی ئەو کتێبانەی لە ئەڵمانیا ساڵانە چاپ دەکرێن، لە سەرووی هەشتا هەزارەوەن. دیارە چاپکردنی کتێب لەم وڵاتە کارێکی بازرگانیشە، ئەگەر نەفرۆشرێت و داهاتی نەبێت بەردەوام نابێت. کەواتە لێرە خەڵکێك هەن خوێندەوارن و نرخی زێڕینی کتێب دەزانن.

لە وڵاتی ئێمە کتێب فرۆشی گەورە نییە، من هەرگیز نەمبینیووە خەڵك لە نۆرەی کڕینی کتێب بوەستن، بەڵام لە ئەوروپا سەرباری پێشکەوتن لە زۆر بواری ژیاندا کەچی بازاڕی کتێب هەر لە برەودایە. سەرباری هۆگەلی پێشکەوتووی پەیوەندیکرن و ڕایەڵەکانی، سەرباری هەبوونی هێڵی خێراو خۆشدەستی ئینتەرنێت، کەچی کتێب نرخی خۆی لە دەست نەداگە. بۆ؟ چونکە خواستی خەڵك، ویستی مرۆڤ و پێداویستی روحی و زانستی مرۆڤ خوێندنەوەی دەوێت.


نیتشە

خوێندنەوە بەر لە هەموو شتێك کولتورە، غەمگینە کە ئەو کولتورە لای ئێمە نییە. ئێوە لە کوردستان کەستان بینیووە بچێتە گەشت و کتێبێك بە خۆڕا بۆ خوێندنەوە ببات؟ من نەمبینیوە، بەڵام مرۆڤگەلی ئەوروپایی بەردەوام لە گەڕانەکانیان دا کتێب هاوڕێیانەو لە کاتی پشوویاندا دەخوێننەوە. ژمارەی ئەو کەسانەی لە ناو شەمەندەفەرەکان و میترۆکاندا دەخوێننەوە زۆرن. تۆ ئەمە بە کوردێکی خۆمان بڵێ، یەکسەر بیانووی ئامادەی هەیە:

"ئاخر ئەوان بێ کێشەن و مێشکیان سافە".

بەڵێ ئیتر تۆ ناتوانی لەگەڵ ئەم بیرکردنەوەیەدا بەردەوام بیت. لەگەڵ بیرکردنەوەی لەم چەشنەدا بابەتی خوێندنەوە دەبێ چ نرخێکی هەبێت بۆ وتووێژ؟

بە چی دەچێ خوێندەوار بیت و نەخوێنیتەوە؟

لە وڵاتی ئێمە ژمارەی ئەو خوێندەوارانە لە نەخوێندەواران زۆرترن کە ناخوێننەوەو ئاگایان لە زۆر شت نییە. ئاخۆ ژمارەی ئەو کەسانە چەند بێت کە خوێندن تەواو دەکەن و جگە لەکتێبەکانی خوێندن (کە ناچار بوون بیانخوێننەوە) هیچ کتێبێکی تریان بە دەستەوە نەگرتووە؟ جێگەی داخە.

راستی ئەمە کارێك نییە لێکۆڵینەوەی خەست و خۆڵی سەبارەت بکرێت؟ پێویستە بکرێت و ژمارەی تەواو تۆمار بکرێت تاکو بزاندرێت ئێمە لە چ قەیرانێکی گەورەی نەخوێندنەوەداین.

باسی خەڵك ناکەم، وەکو نموونە بنەماڵەی خۆمان دەهێنمەوە، ئەندامانی خێزانەکەی ئێمە زۆر بوون، هەتا دایکم و باوکم لە ژیان دا بوون مەڵبەندی کۆبوونەوەی بۆنەگەلی خۆش و ناخۆشی هەمووان بوو. ساڵانێکی زۆر من کتێبخانەیەکی باشم لەماڵەوە هەبوو، مامۆستاگەلێکی زۆر لەو بنەماڵەیەی ئێمەدان. هەرگیز نەمبینی یەکێکیان بێن و ڕۆژێك کتێبێك ببەن، نەك بیخوێننەوە، بەڵکو چاوی پیابخشێنن. بێگومان قەیرانی کاتیان نەبوو، کاتیان یەکجار زۆر بوو، چونکە کاری مامۆستا لە وڵاتی ئێمە چەندێ بخایەنێت لە چوار کاژێرە زۆرتر نییە. پاشماوەی ڕۆژ و ئێوارەی چۆن دەباتە سەر؟ ئەوەیش بابەتێکی ترە. بابەتێك دەچێتە چوارچێوەی هونەری کات بەسەر بردن لە وڵاتی ئێمە. ئەو مامۆستایانەی ئێمە نەك نەیاندەخوێندەوە، بەڵکو بە منیان دەگوت:

"تۆ تاقەتێکی سەیرت هەیە بەزەییت بە چاوی خۆتدا نایەت ئەوەندە دەخوێنیتەوە".

لە ماڵەکانی ئێمە دا کتێب نین. ئەو ماڵانەی ئێستا لە کوردستان کتێبخانەیان هەیە چەندن؟ بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر کتێبخانەی ماڵان و فیلمی دۆکومێنتاریان سەبارەت نەکرێت؟ با بزانین ژمارە خوێندەوارانی ئێمە چەندن. بابزانین مامۆستایانی ئێمە، ئەندازیاران، شۆفێرانی تاکسی، پزیشکان، کارێکاران، پارێزەران، فەرمانبەران و خانمان، خوێندکارانی ئێمە دەخوێننەوە. بابزانین ئەو کەسانە نووسەرانی کوردو دیرۆك و ئەدەبیاتی کورد تا چ ئاستێك دەناسن.

خەڵکی ئێمە بۆ لەدنیاوە ئەوەندە دوورن، بۆ بەهەموو شت نامۆن، چونکە ناخوێننەوە. کە تۆ نەخوێنیتەوە دابڕاوی لە دنیا و تەنانەت لە دەوروبەری خۆیشت دادەبڕێیت.

فریدریك نیتشە دەڵێ "ئەو کتێبەی کە مرۆڤ خۆشی دەوێت، دەبێ نەخوازرێت، بەڵکو پێویستە هەتبێت".

دواجار، ئایا ژمارەی ئەو کتێبانە چەندن تۆ خۆشت دەوێن؟

ئایا تۆ چەند کتێبت هەیە؟

# ئایندەی کتێب

**و. دلێر میرزا**

بابەتی خوێندنەوەو پێگەی ئاخاوتنی نووسراو کە بەکاری دەهێنێت، چ کاغەزی چاپکراو یاخود سیدی یان سکرینی کۆمپیوتەر یاخود ئەو بابەتانەی ئەم ڕۆژانە لە ئینتەرنێتەوە وەریدەگرین یاخود کاسێتی تۆمارکراوی بیستراو هەر کامێکیان بێت، بایەخێکی زۆریان لە ڕاگەیاندن و کاری ڕۆژنامەگەری و دامەزراوە ئەکادیمییەکاندا هەیەو باسوخواس لە سەر کتێبی سەر کاغەز و چارەنووسی، وەکو ئامرازێکی بنەڕەتی لە ئامرازەکانی خوێندنەوە، هەر لە داهێنانی چاپخانەوە لە ناو پەخشکاران و نووسەران و بایەخدەران بە تەکنۆلۆژیی زانیارییەکان بۆ ڕۆژنامەوانی و زانکۆکان و پسپۆرانی پۆلێنکردنی کتێب، لە پێشی پێشەوەو لە سەر تەخت ماوەتەوە.

ڕۆژ نییە ڕاگەیاندن لە سەر چارەنووسی کتێبی چاپکراوو دەرەتانی بەردەوامبوونی ئەم ئامرازە پرسیار نەکات، بەوەی شێوازێکە بۆ گەیاندنی مەعریفە کە تەکنەلۆژی زانیارییەکان و سیدی و ئینتەرنێت کاتێ هاتنە ئاراوە تەختەکەیان لەرزاند، بەجۆرێ دەتوانین بە کرتەیەك لە سەر ئەو کلیلانەی بەستراونەتەوە بە سکرینی کۆمپیوتەرو تۆڕی ئینتەرنێتەوە، دۆسێی زۆر ئامادە بکەین کە پڕن لە زانیاری و ئەو شتانەی پێوەندییان بە بابەتی باس و توێژینەوەکەمانەوە هەبێت.

ئەگەرچی ئەو شتانەی دەیبیستین زۆرن، لە سەر پاشەکشێی پێگەی کتێبی چاپکراوو لەوەی هاکا چارەسەری ئامرازە تەکنۆلۆژییە نوێکان شوێنی بگرنەوە، کەچی هێشتا چاپخانەکان ڕۆژانەو بە زۆربەی ئەو زمانانەی مرۆڤ ئاخاوتنیان پێدەکات، بێ ژمارو لە ناوونیشانی نوێ و بە چاپی نوێ بۆ ناوونیشانە کۆنەکان بەرهەم دەخەنە بازاڕی کتێبەوەو ئەمە بەو مانایەیە، هێشتا کتێبی چاپکراو لە ناو شێوازەکانی پێشکەشکردنی مەعریفەو داهێنانە مرۆڤایەتییەکاندا شێوازی باڵادەستە، چونکە هەر یەکێك لە ئێمە ناتوانێت بە درێژایی شەوو ڕۆژ، لە کاتێکدا کۆمپیوتەرێکی بە کۆڵەوەیە، پێبەست بێت بە تۆڕی ئینتەرنێتەوە، هەروەها ئەو پێوەندییە گەرم و گوڕەی خوێنەر بە کتێبی چاپکراوەوە دەبەستێتەوە، ئەستەنگێکی ڕاستەقینەیە لە بەردەم ئەوەی تەکنۆلۆژیا نەتوانێت ئەم شێوازی نووسین و چاپ و خوێندنەوەیە، لە شێوازەکانی گواستنەوەی مەعریفە هەڵلووشێت.

ئەدیب و نووسەری ئەمەریکی خاتوو یۆدۆرا ویلتی(١٩٠١–٢٠٠١) لە کتێبی "سەرەتاکانی خانمێکی نووسەر"دا دەڵێت:" ناتوانم چرکەساتێك بەیاد بهێنمەوە، تیایدا خولیای کتێب، خۆی یان بەرگەکەی و شێوازی کەعبەکانی و ئەو کاغەزەی نەبووبم لە سەری چاپکراوە، یان خولیای بۆنەی نووسینەکەو قورسییەکەی نەبووبم کاتێ بە دەستمەوەیە، یاخود ئەو دەمەی لە ئامێزی دەگرم کە چ هەست و سۆزێکم لا دروست دەکات". ئەم برگەیە ئاماژە بۆ ئەو پێوەندییە گەرمە دەکات لە نێوان خوێنەران و ئەو کتێبانەدا بەرپایە کە دەیانخوێننەوە، دەرگا دەخاتە سەر پشت بۆ تیاڕامان لە دیاردەی بەرچاوی نەمانی کتێب لە ئایندەدا، ئەگەر هاتو ئەوە ڕوویدا بە هۆی چاخی تەکنۆلۆژیای زانیارییەکان و ڕەوشی ئامرازە نوێکان بۆ گواستنەوەی زانیارییەکان و فەراهەمکردنی مەعریفە، وەکو جێگرو لەبرێك بۆ کتێبی چاپکراو.



بەڵام جیهانی ویلتی سەر بە سەردەمێکە ڕەتبووە، و هەروەها لەم سەردەمە لە مێژووی مرۆڤدا، ئەو جۆرە پێوەندییە بە کتێبەوە بە ڕاستی نازانین. جەختکردن لە سەر باشتربوونی کتێبی چاپکراو لە چاخی ئەلکترۆندا، گوزارش لە تێڕوانینی نەوەکانی پێشووە دەکات، بەرامبەر بە نەوەیەکی نوێ لەو جحێڵانەی چاویان بە سەر کۆمپیوتەرو هەموو ئەو شتانەدا داچەقاندووە کە ئامرازی نوێن. و ئەوەی باسی کتێبی چاپکراو بکات، وابزانێت باشترین ئامرازە بۆ گواستنەوەی مەعریفە، ئەوە باس لە بۆچوونەکانی خۆی دەکات، باس لە بۆچوونەکانی نەوە نوێکان ناکات کە ڕەنگە سکرینی کۆمپیوتەرو سیدی لە کتێبی چاپکراو بە ئامرازێکی باشترو خۆشترو بەچێژتر دەزانن. ئەوە لە سەر ئەم سەرپشکبوونە دەلالەت دەکات، ئێستا زۆرێك لە خانەی پەخش و گۆڤارو ڕۆژنامەکان لە جیهاندا، بڵاوکراوەکانیان لە ڕۆژنامەو گۆڤارو کتێب بە شێوەیەکی ئەلیکترۆنی کۆپی و لەبەریاندەگرنەوە، بۆ ئەوەی بتوانن بازنەی خوێنەرانیان فراوانتر بکەن کە لە چاخی تەکنۆلۆژیای زانیارییەکاندا ڕوو لە کەمییە. ئەگەر خانەکانی پەخش هەستییان بە هەڕەشەی ئامرازە نوێکانی خوێندنەوەیان نەکردایە، ئەوا لە ڕاستیدا پەنایان نەدەبردە بەر سەرمایەگوزاری لە بواری ئامرازە نوێکانی خوێندنەوە، بەڵکو هەندێ لە زانایانی پێشبینی و ئایندەکان پێیانوایە، لە ئایندەدا ڕۆژنامەی سەر کاغەز نامێنێت و ئامرازگەلی نوێ، بۆ گواستنەوەی هەواڵ و وێنەو شیکارییەکان دێنە ئاراوە، لەسەرووی هەموویانەوە مۆبایل و کۆمپیوتەری بچووك کە دەکرێت سکرینەکانیان لوول بکرێن و لە کاتی پێویستدا بکرێنەوە.

دیارە مەرگی کتێبخانەی کەسی بە تاق و ڕەفەی کتێبەکانەوە کە شوێنێکی فراوان داگیر دەکەن چ لە ماڵ یان لە نووسینگەدا، بە کردەوە کارێکە شێمانەی دەکرێت، تەنێ خەیاڵێکی زانستییانە نییە. دەکرێ ئەو کتێبخانەیەی کتێب و گۆڤارو ڕۆژنامەی زۆری تیادایە، بە ئاسانی بگوێزرێنەوە بۆ سەر ژمارەیەکی کەم لە سیدی. بۆ نموونە، ئێستا هەموو سەرچاوەو زانیارییەکان لە بەریتانیادا خراونەتە سەر دوو سیدی و ئەمەیش دەکرێ بۆ زۆر شتی دی ئەنجام بدرێت کە دەستەبەرکردنی زانیاری ئاسانتر دەکات، وەك لەوەی لاپەرەی سەرچاوەکان هەڵبدەینەوە کە گەردو تۆز سەریان داپۆشیون، کاتێکی زۆرتری دەوێت وەك لەوەی لە سەر سکرینی کۆمپیوتەر کرتە بکەیت.

گومانی تیادا نییە، هەڕەشەی ئامرازە تەکنۆلۆژییە نوێکان تایبەت بە گواستنەوەی زانیارییەکان لە سەر داڕشتەی کتێبی چاپکراو، لەم سەردەمانەدا ڕاستییەکی بەرچاوە. ئێمە ڕۆژانە دەبیستین، وەزارەتەکانی پەروەردەو خوێندن لە جیهان و دامەزراوە ئەکادیمییەکان ئارەزووی گۆڕینی کتێبی چاپکراو دەکەن بۆ سیدی. بێگومان ئارەزووی پاشەکەوت و کەمکردنەوەی بودجەی خوێندن کە بە بەردەوامی ڕوو لە کەمکردنەوەیە، گەلێ لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی زانکۆکان و دامەزراوە زانستییەکان ناچار دەکات دەست لە کڕینی کتێب و سەرچاوەی چاپکراو هەڵبگرن، کۆپیی ئەلکترۆنیی ئەم سەرچاوانە دەستەبەر بکەن، بە جۆرێ خوێندکار بتوانێت بە سوود وەرگرتن لە کۆمپیوتەر، زانیاریی پێویست لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە لە بری کتێبە سەرچاوە بڕیار لە سەر دراوەکان و چاپکراوەکان دەستەبەر بکات. ئەمەیش وا دەکات پرسی "نەمانی کتێبی ئەکادیمی" و " مەرگی کتێبخانەی کەسی" شتێکی چاوەڕوانکراو بێت لە چاخێکدا کە زانیاری لەپێشتر دادەنێت وەك لە مەعریفە کە پێویستی بە شیکاری و ڕاڤەکاری و ڕاوبۆچوونی کەسیی نووسەر هەیە.

بەڵام ڕەنگە کەسێك بڵێت، دانانی ئامرازە تەکنۆلۆژییە نوێکان لەبری کتێبی چاپکراو لە ئایندەدا وامان لێدەکات گەلێ لە چێژوەرگرتنەکان لە دەست بدەین، لەوانە هەستکردن بە دانەبڕان لەگەڵ نەوەکانی پێشوودا کە لە ناو خۆیاندا کتێبەکانیان دەساودەس گواستۆتەوە، چێژی کڕینی کتێب و بەرخورد لەگەڵ هەندێ کتێبدا کە بیروبۆچوونی ئێمەیان گۆڕیوە، شۆڕشێکیان لە ژیانماندا بەرپا کردووە. و پێموایە ئەم تێڕوانینە دەگاتەوە بە نۆستالجیا کە ژیانی هاوچەرخ ناتوانێت لەگەڵیدا هەڵبکات.

ڕاستە سۆزو غەریبی بۆ ڕابردوو وشتەکانی، بەشێکی دانەبڕاون لە سروشتی مرۆڤایەتی، بەڵام ڕەنگە ئەم غەریبیکردن و سۆزە بە شێوازی جۆراوجۆر بخەملێت و شارەزایی و ئەزموونە کەسییەکانمان ئەو شێوازە بەخۆوە بگرن کە ئەزموونەکانمان لەم جیهانەدا چێی دەکەن و لەوانە پێوەندیی لەگەڵ کتێب، یان ئەو ئەڵتەرناتیڤەی کتێب کە پەرەسەندنی ژیانمان لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێت.

سەرچاوە: الخيمة العربية

# مێژووی هونەری دیزاین

**د.فەرهاد بیربال**

تا سەرەتای سەدەی بیستەم هونەری دیزاین تەنیا تایبەت بوو بە دیزاینی کتێب، ئەمەش چونکە تا ساڵی (١٨٩٨) هیچ ڕۆژنامەو گۆڤارێك بە زمانی کوردی دەرنەچووە. کەواتە مێژووی دیزاینی کلاسیك لە کوردستاندا بریتیە لە مێژووی کتێب. ئەگەر بمانەوێ لە مێژووی دیزاین لە کوردستاندا بکۆڵینەوە دەبێ لە مێژووی کتێبو یەکەیەکەی ئەو کتێبانە بکۆڵینەوە کە بە زمانی کوردی لە کوردستاندا چاپکراون.

دەتوانین مێژووی هونەری دیزاین، بەسەر چەند قۆناغێکدا دابەش بکەین:

### ١- هونەری دیزاینی میناتۆری

ئەم قۆناغی یەکەمە، ئەو قۆناغە دەگرێتەوە کە هێشتا جارێ چاپخانە نەگەیشتۆتە کوردستان: نووسەرانی کوردستان کتێبەکانیان بە دەستی خۆیان، واتە بە پەڕەمووچ لەسەر کاغەز نووسیوەتەوە.

عادەت وابوو کە نووسەر بەشی سەرەوەی هەر بەشێك لە کتێبەکەی، واتە بەشی سەرەوەی هەر دەروازەیەك (فەسڵێکی) کتێبەکەی بە شێوەیەکی بەرچاو نەخش دەکرد لەشێوەیەکی وێنەییدا. دوو ستوونی هەبوو، یانیش زۆربەی جار یەك ستوونی.

زۆر جار، لە هەندێ لاپەڕەکانی ناوەوەی کتێبەکەدا، بەشی خوارەوەی کتێبەکە و زۆر جاران ئەملاو ئەولای کتێبەکەی بە نیگار (میناتۆر) دەڕازاندەوە (نموونەی ئەم جۆرە دیزاینە: کتێبی گوببا کوردی، خورشیدو خاوەر). جاری واش هەبوو ئەو نیگارو میناتۆرانەی، کە عەرەب پێی دەڵێن (نمنمنات) لەشێوەی تابلۆی سەربەخۆدا لەیەك لاپەڕەدا دادەنا (وەك لە کتێبی شەرەفنامەی شەرەفخانی بەتلیس دا دەبینین کە بیست تابلۆی لەگەڵ دانراوە).

شایانی باسە، ئەو تابلۆیانە، هەرگیز وەك بەرهەمێکی سەربەخۆ پێشکەش نەکراون، بەڵکو بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی باسو خواسەکانی نێو کتێبەکە بوونە: بۆیەش زۆرتر لەڕووی دیزاینو هونەری دیزاینەوە گرنگیی پلەی یەکەمیان هەیە: بایەخێکی ڕوونکاری وەردەگرن لەچاو ئەوەی بایەخێکی بە پلەی یەکەم شێوەکارییان هەبێ "هەرچەند بە یەکەمین کەرەستەکانی مێژووی هونەری شێوەکاریش دەژمێردرێن".

ئەو نیگارو میناتۆرانە، چونکە لەچاو ناوەرۆکی کتێبەکە، بۆ خەڵكو عەقڵی ئەو سەردەمەی جاران، هێندە گرنگ نەبوونە: بۆیە ناوی نیگارکێشو ناوی دیزاینەرەکان هەرگیز نەنووسراوەو تۆمارنەکراوە. کەم جاریش ڕێك کەوتووە کە نووسەری کتێبەکە خۆی ئەو میناتۆرانەی دروستکردبێت.



دەبێ ئەوەش بڵێین ئەم قۆناغە، هەر لە چینەوە بگرە تا میللەتانی فارسو تورکو عەرەبیش پێیدا تێپەڕ بوونەو قۆناغێکی کلاسیکی هونەری دیزاینە.

### ٢- هونەری دیزاینی سەردەمی چاپخانە

لەو ساڵانەوە کە چاپخانە دەگاتە کوردستان، هونەری دیزاینی کتێب گۆڕانێکی بەرچاوی بەسەردا دێت. بەشێك لەو گۆڕانە بنەڕەتییانە بەهۆی هەوڵی ئەو ڕۆژهەڵاتناسە ئەورووپاییانە بووە کە کتێبیان بە زمانی کوردی، بە تەرجەمەی فەرەنسیو ئەڵمانی یان بە تەرجەمەی ئیتالیو ئینگلیزییەوە چاپکردووە. لەناو ئەو کتێبانەدا، بەتایبەتی لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەم بەملاوە، چیرۆكو بەیتو داستانە کوردییەکانیان بە دیزاینێکی جوانو تازە (لەچاو سەردەمی کۆن) بەوەرگێڕانی زمانێکی ئەورووپییەوە چاپکراون. یەکەمین کتێب لەم بارەیەوە کتێبەکەی کوردناسی ئیتالی، گارزۆنی Garzoni یە، کە لە ڕۆما لە ساڵی (١٧٨٧) چاپکراوە.

دوای گارزۆنی، لە ناوەڕاست تا کۆتایی سەدەی نۆزدەم، ئۆسکارمانی ئەڵمانیو خۆدزکۆی فەرەنسیو پیتەر لێرخیو (لۆکۆك) ی ئەڵەمانیو ئەلکزەندەر ژابای ڕووسی بە ئەسڵ



پۆلۆنی هەندێك لەو ڕۆژهەڵاتناسانەن کە هونەری دیزاینی ئەورووپایی دەهێننە ناو کوردستانو هونەری دیزاینی مۆدێرنی ئەورووپا بۆ چاپکردنی کتێب بە کوردستانو بە چاپەمەنی کوردو بە نووسەرانی کورد دەناسێنن.

لەم قۆناغە تازەیەدا هەڵەو کەمو کووڕی لە هونەری دیزایندا کەم دەبێتەوە: چونکە جاران دیزاینەر ڕاستەوخۆ وێنەی لاپەڕەکەی دەکێشاو ئەگەر هەڵەی بکردایە نەیدەتوانی چارەسەری بکات، بەڵام لەم قۆناغە نوێیەدا دیزاینەکەی دەگەیاندە قۆناغی پێرفێکت (لووتکە) ئینجا دەیدایە چاپ.

جگە لەمەش واپێدەچێ، هاتنی چاپخانە وادەکات کەکاری دیزاینەر لە داهاتوودا ببێتە پرۆفشناڵو تایبەتمەند، واتە پسپۆڕی (تخصص) پەیدا بکات: چونکە لەسەردەمی پێشوودا زۆربەی جار نووسەر خۆی یان هەر خەتخۆشێك کارەکەی دەکرد. بەم شێوەیە، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەمەوە، بەهۆی هاتنی چاپخانەوە ( کە هەموو کەسێك لێی نەدەزانی) وردە وردە دیزاینەرو هونەری دیزاین لە پسپۆڕی (تخصص) نزیك دەکەوێتەوە.

یەکێك لە جیاوازییەکانی دیکەی ئەم قۆناغە نوێیەی دیزاین ئەوەیە کە لەم قۆناغە نوێیەدا تیراژی کتێب بە پلەو ڕێژەیەکی زۆر بڵندتر، واتە بە زۆرترین ژمارە لە ناو خەڵکدا بڵاودەبێتەوە.

تایبەتمەندییەکی دیکەش ئەوەیە کە لەگەڵ گەیشتنی چاپخانە، جوانیناسیی خەتو (خۆشنووسی) نامێنێتو جوانیناسیی پیت جێگەی دەگرێتەوە: چونکە جاران کتێب بەدەست دەنووسرایەوە، بەڵام لەم قۆناغە تازەیەدا جوانیناسیی پیت (پیتی چاپ) دێتە ئارا. هێدی هێدی هەوڵدەدرێ کە پیت پەرەی پێ بدرێت، کلێشەی تازە بۆ پیتەکان دروست بکرێن، تا گەیشتە ئەوەی کە ئەمڕۆ سەدان جۆر پیت دروست بکرێن.

بەم شێوەیە ئێستێتیکای خەت (خۆشنووسی) وردە وردە کز دەبێتەوەو ئێستێتیکای پیت سەرهەڵدەداتو دەبێتە مۆدێل. ئەمەش وا دەکات کە نووسەر یان بڵاوکەرەوەی کتێب بەدوای چەند پێوەرێکی تازە بۆ دیزاینی کتێب بگەڕێت: هەوڵبدات کلێشەو فۆرمی تازە بۆ دیزاینی کتێبو ڕازاندنەوەی لاپەڕەکان دابهێنێ: لەم بەستێنەشدا بەکارهێنانی گراڤور Gravure وێنە هەڵکۆڵدراوی سەر تەختەدار ( چاپکراو) ، باشترین ئەڵتەرناتیفو دەستاوەرد بوو: کەپاشان فۆتۆگرافو هێڵکاری جێگەی گرتەوە.

جوانترین کتێبو سەرکەوتووترین بەرهەمی ئەم قۆناغە بریتیە لە کتێبی ( ئەلفابێ جێ یا کرمانجی) کە لە ئەستەمبۆڵ لە ساڵی (١٨٥٧) لەلایەن کۆمەڵێك موژدەگارو قەشەی ئەرمەنییەوە بە هاوکاریی چەند کوردێك چاپکراوە. کتێبەکە، کە پڕە لە وێنەو گراڤوورو هێڵکاریی جۆراوجۆر، بەئەلفابێی ئەرمەنی بەڵام بەزمانی کوردی (بەدیالێکتی کرمانجی ژوورو) چاپکراوەو پڕە لە بابەتی جۆراوجۆری مێژوویيو کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیری بەزمانی کوردی، بە جوانترین دیزاینو ڕازاوەترین دیزاینی مۆدێرنی ئەو سەردەمە، لە چاپخانەیەکی ئەرمەنییەکان لە ئەستەمبۆڵ چاپکراوە. (من لە کتێبی مێژووی وەرگێڕانی ئینجیل لە ئەدەبیاتی کوردیدا بە فراوانی باسی ئەم کتێبەم کردووە).

### ٣- قۆناغی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان

ڕاستە، یەکەم ڕۆژنامە بەزمانی کوردی لە (١٨٩٨-١٩٠٢: لەقاهیرە-ژنێف-فۆلکستۆن) سەرهەڵدەدا، بەڵام دە پازدە ساڵێکی دەوێت بۆ ئەوەی چاپخانە بەشێوەیەکی فیعلیو بەکردەوە، ڕاستەوخۆ بکەوێتە دەست کوردان بۆ ئەوەی سوودی ڕاستەوخۆی بۆ هونەری دیزاین ببینن.

ڕاستییەکەیشی لە ساڵانی بیستەکان بەملاوەیە کە چاپخانە دەکەوێتە دەست نووسەرو ڕووناکبیرانی کورد بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ بێن لەناو چاپخانەدا کاربکەنو بەشێوەیەکی یەکڕاستو باریکبینانە بە هونەری چاپخانە ئاشنا ببنو کاری دیزاینی تێدا ئەنجام بدەن. ڕۆژنامەی کوردستان(١٨٩٨-١٩٠٢) دیزاینێکی کلاسیکی لەچاو دیزاینی گۆڤارو ڕۆژنامەکانی پاش خۆی هەیە.

هەر چۆنێك بێ، توێژەری پسپۆڕ ئەگەر لەم مێژووە بکۆڵێتەوە،بۆی وەدیاردەکەوێ کە هونەری دیزاین زیاتر لەناو گۆڤارەکانیدا کە پێشکەوتنێکی باشو پەرەسەندنێکی بەرچاو بەخۆیەوە دەبینێ، بەتایبەتی لەڕێگەی گۆڤارەکانی دوای (ڕۆژی کورد، ئەستەمبۆڵ: ١٩١٣) بەملاوە.

لەسەرەوەدا گوتمان: بەکارهێنانی گراڤوور Gravure وێنەی هەڵکۆڵدراوی سەر تەختەدار (چاپکراو)، باشترین ئەڵتەرناتیفو دەستاوەرد بوو کە جێگەی میناتۆری گرتەوە: کەپاشان فۆتۆگرافو هێڵکاری جێگەی گرتەوە. لە هەمان کاتیشدا تواناکانی چاپخانەش زیاتر وزەو هێزی بەخشییە هونەرمەندی دیزاینەر بۆ ئەوەی بتوانێ باشترو جوانترو بەشێوەیەکی پێشکەوتووتر لە هونەری دیزایندا سەربکەوێت.

هەم چاپخانەو هەم تەکنیکی گراڤور Gravureوێنەی هەڵکۆڵدراوی سەر تەختەدار) بۆ یەکەم جار لەلایەن حوسێن حوزنی موکریانییەوە وەك کوردێك بەکارهاتو هاتە ئارا: بۆ یەکەم جار ئەم تەکنیکەی، لە کتێبی (خونچەی بەهارستان) لە ١٩٢٥ لە حەلەب بەکارهێنا. پاشان کتێبێکیشی لەبارەی ئەم تەکنیکە نووسی بەناونیشانی (وێنەگەریو کۆڵین) کە لە کانونی یەکەمی (١٩٣٤)دا لە ڕواندز چاپو بڵاوکراوەتەوە، لە(٩٥) لاپەڕەی قەوارە ١٤×٢٢ سم. کتێبەکە (٢٥) تابلۆی تەختیتی تێدایە کە ئامێرەکانی نیگارکێشانو لیتۆگرافیو گراڤوورو زەنگۆگرافیو فۆتۆگرافی پیشان دەدات، لەگەڵ قۆناغ بەقۆناغ چۆنیەتیی بەکارهێنانیان. ئەم کتێبە، دەیان زاراوەی تازەی خستۆتە ناو زمانی کوردییەوە: کۆلۆدیۆن، شووشەی بەهەست، دووربین، فەنەر، ڕەحەتی، بەتاریە، ڕتووش، تیرۆك، ئەسپرتۆ، مەرەکەبی تەڕ، کۆڵانی بەتیشك...

حوسێن حوزنی موکریانی چەند وتارێکیشی لەم بارەیەوە بڵاوکردۆتەوە لەوانە: لە ژمارە (٣)ی (زاری کرمانجی) دا لە (١٩٢٦) ، وتارێکی بە ناونیشانی (عەکاسیی کۆڵان) واتە (وێنە گرتن بەشێوەی هەڵکۆڵین) . دوا بەدوای ئەوەش لە ژمارەی (٢٠) ی (١٩٢٩/٨/١٧) لە وتارێکی دیکە بە ناونیشانی (مێژووی عەکاسیو فرووعاتی). دەیان زاراوەی تازەش لەبارەی هونەری دیزاین دەخاتە ناو زمانەکەمان: ڕەسمی نەڤری، مصەور، عەکس، صنعەتی چاپو کلێشە، چینکۆگرافی، لیتۆگرافی، فۆتۆگرافی...

مێجەرسۆن، کەنووسەرێکی ئینگلیز بوو، سەبارەت بەوەی ڕۆشنبیرییەکی ڕۆژئاوایی هەبوو، ئەویش لە ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) کەلەماوەی (١٩٢٠-١٩٢٢) لە سلێمانی دەردەچوو، تەکانێکی باشی بەخشییە هونەری دیزاین لە ڕۆژنامەکەی خۆیدا.

دوای ئەویش پیرەمێردو چاپخانەکەی، لەڕێگەی ڕۆژنامەی (ژیانەوە) و (ژین) ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو.

جەلادەت بەدرخان لە ساڵی (١٩٣٢)



بەملاوە لە دیمەشق، لەڕێگەی گۆڤارە ناودارەکەیەوە بە ناوی (هاوار) کە دە ساڵ زیاتری خایاند، پاشانیش لە ڕێگای گۆڤاری (ڕۆناهی) یەوە، ئەویش پەرەی زۆر بە هونەری دیزاین دا: هونەری دیزاینی گواستەوە بۆ قۆناغێکی مۆدێرن.

هەر چۆنێك بێ، هاتنی چاپخانە، دوای ئەویش سەرهەڵدانی ڕۆژنامەو گۆڤار لە ماوەی (١٨٩٨) تا سەرەتای ساڵانی سییەکانی سەدەی بیستەم بە قۆناغی نەشونمای هونەری دیزاین لە کوردستاندا دەناسرێنەوە.

# چەند وێستگەیەکی گرنگ لە مێژووی کتێبخانەدا

نەورۆز شەوکەت

بەرلەوەی چاوێك بە مێژووی کتێبخانەدا بگێڕین، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ ئەو دیاردە شارستانییەی کە لە پشت مێژووی دروستبوونی کتێبخانەوە، ئەو دیاردەیەی کەبە داهێنانی لە لایەن مرۆڤەوە قۆناغێکی نوێی مێژوو دەستیپێکرد، ئەویش داهێنانی نووسینە کە مەزنترین ڕووداو بوو لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، گەر نووسین دانەهێنرایە ئەوا کتێب نەدەبوو، گەر کتێبیش نەبوایە ئەوا بێگومان کتێبخانەو شارستانیەتیش نەدەبوو، نووسین مرۆڤی لە قۆناغی ناشارستانییەوە گواستەوە بۆ قۆناغی شارستانیبوون، چونکە کۆنترین شارستانییەت هاوشانە لەگەڵ دەرکەوتنی یەکەم نووسین، لە هەموو ئەمانەش گرنگتر ئەوەیە کە نووسین مێژووی کرد بە دوو بەشی سەرەکییەوە، بەشی یەکەم پێی دەوترێت سەردەمی پێش مێژوو کە بریتییە لە چاخە بەردینەکان، مێژوونووسانیش پێیان وایە مرۆڤ ٩٨٪ ی ژیانی لەو چاخانەدا بەسەر بردووە، بەشی دووەمیش پێی دەوترێت سەردەمی مێژوو، کەواتە سەردەمی مێژوو لە دوای دەرکەوتنی نووسینەوە دەست پێدەکات و لێکۆڵەران دەیگەڕێننەوە بۆ نزیکەی ٥٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر، ئەو سەردەمانەی کە مرۆڤ وێنەی وەك نووسین بەکارهێنا لە سەردیواری ئەشکەوتەکان و بۆ یەکەم جار بەشێك لە ڕاستیەکانی ژیانی خۆی بۆ مێژوو تۆمار کرد، پاشان بە تێپەڕبوونی چاخ و سەردەمەکان نووسین پێشکەوتنی بەخۆوە بینی تا ئەوەی بۆ یەکەم جار نووسین بە شێوەی پیتەکان لە سەر خاکی (دۆڵی دوو ڕووبار — وادی الرافدین) واتە عیراقی کۆن دەرکەوت.

> **چەندین کتێبخانە لە شارستانیەتیەکاندا دەرکەوتن و پێشکەوتنیان بەخۆوەبینی، بەتایبەتی لە شارستانێتی یۆنانی و ڕۆمانی دا..**

نووسینیش ( وەك ئاماژەمان بۆ کرد) هەر لە سەرەتاکانی دەرکەوتنیەوە بە چەند قۆناغێکی جیاوازدا تێپەڕیووە:

١– قۆناغی وێنەیی: یەکەمین قۆناغی نوسینە کە مرۆ تێدا بە هۆی وێنەکێشان لە سەر دیواری ئەشکەوتەکان ڕووداوەکان و چۆنێتی ژیانی ئەو سەردەمەی تۆمار کردووە.

٢– قۆناغی هێمایی: لەم قۆناغەدا مرۆڤ وێنەکانی وەك هێما بەکار هێناوە، بۆ نموونە وێنەی (تیر) یاخود (ڕم)ی بە مانای (ڕاو) بەکار هێناوە.

٣– قۆناغی دەنگیی: لەم قۆناغەدا وێنەکان پەیوەندییان بە ماناکانیانەوە نەبووە، بەڵکو وێنەی هەر شتێکی لە جیاتی یەکەم پیتی ئەو شتە بەکار هێناوە، بۆ نموونە وێنەی درەختی لە جیاتی پیتی (د) بەکار هێناوە، وێنەی بەرد لە جیاتی پیتی (ب)، ئەمەش یەکەم هەنگاوی مرۆڤ بووە بۆ دانانی پیتەکان.

٤– قۆناغی پیتەکان: لەم قۆناغەشدا مرۆڤ توانی پیتەکان دا بهێنێت، بۆ یەکەم جاریش پیتەکان لە لایەن سۆمەریەکانەوە داهێنران کە بە نووسینی بزماری ناسراوە.. هەربۆیە بۆ یەکەمین جار سەرەتاکانی کتێبخانە لە دۆڵی دوو ڕووبارەدا دەرکەوتووە، ئەم ڕاستیەش ئەو دۆزینەوە ئاسەواریانە پشتڕاستی دەکەنەوە کە لە شاری (وەرکا) مێژوویيدا کۆمەڵێك نووسراویان لەسەر قوڕ دۆزییەوە کەمێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ ٣٠٠٠ ساڵ پێش زاین، بە دوای ئەمیشدا کتێبخانەیەکیان دۆزییەوە لە دۆڵی فورات نزیکەی ٣٠٠٠ بەڵگەنامەی تایبەت بە کاروباری بەڕێوەبردنی دەوڵەت و هەندێ لایەنی ئەدەبی لە خۆگرتبوو، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی ٢٧٠٠ ساڵ پێش زاین..

لەمەش گرنگتر لە شاری نەینەوا چەند کتێبخانەیەکی ئاشووریان دۆزییەوە چەندین دەقی نووسراوی سۆمەریان تێدا بوو، ئەوەی جێی سەرنجە لەم دۆزینەوەیەدا کتێبەکان کارتی تایبەتیان لەگەڵ بوو کە شێوەیان زۆر لەو کارتانەدەچێت کە ئێستا لە کتێبخانە هاوچەرخەکاندا بەکاردێت وەك پێناسی کتێبەکان، کە ئەمە هەنگاوێکی زۆر مەزنە لە مێژووی کتێبخانەدا.

بەڵام هەنگاوی لەوە مەزنتری مرۆڤ لە بواری کتێبخانەدا لەوەدا بوو لە پاش ئەوەی کتێبخانەی کردە یەکێك لە بنەماکانی شارستانی و بەرفراوانی کرد، هەستی بە پێویستی داهێنانی (پۆلێن کردن – التصنيف) کرد بۆ ڕێکخستنی کتێبەکان و ناساندیان و بە ئاسانی دۆزینەوەیان لە ناو تاقەکانی کتێبخانەدا، بۆیە ئەوەی کە جێی سەرنجە لە مێژوودا ئەوەیە کە هەر لە دێر زەمانەوە مرۆڤی شارستانی هەنگاوی لەمجۆرەی ناوە، بۆ نموونە کتێبخانەی ئاشووربانیپاڵ هەرچەندە نووسینەکانیان لە سەر تەختە قوڕ بووە، بەڵام کتێبخانەکانیان کردووە بە دوو بەشی سەرکیەوە، بەشی ئەو زاستانەی کە تایبەتن بە ئاسمانەوە و بەشی زانستە تایبەتەکان بە زەوییەوە، بەمەش یەکەم هەنگاویان بەرەو پۆلێن کردن ناوە لە مێژوودا، بەڵام هەنگاوی لەمەش گەورە تر لەلایەن یەکەم پۆلێنکەرەوە بوو لە مێژوودا ئەویش (کالیماکۆس)ی ئەمینداری کتێبخانەی ئەسکەندرەیەیە لە وڵاتی میسری کۆن، کە لە ساڵی ٢٦٠ی پێش زاین وەك ئەمیندار تێیدا دەست بەکاربووە، کتێبخانەی ئەسکەندەرییە کتێبخانەیەکی زۆر دەوڵەمەند بووە بە بەراورد لەگەڵ کتێبخانەکانی دێکەی ئەو سەردەمەدا و نزیکەی (٥٣٢٨٠٠) کتێب و لیست و بەڵگەنامەی تێدا بووە و زۆرینەی بوارەکانی زانستەکانی لەخۆگرتووە وەك: (یاسا، هونەر، وتاریبێژیی، شیعر، داستان، دراما، بیرکاری، زانستە سروشتیەکان و بابەتە هەمە جۆرەکان).

ئیتر چەندین کتێبخانە لە شارستانیەتیەکاندا دەرکەوتن و پێشکەوتنیان بە خۆوە بین بەتایبەتی لە شارستانێتی یۆنانی و ڕۆمانی دا، و پاشان بە تێپەربوونی سەردەمەکان بە سەرتاسەری جیهاندا تەشەنەی کرد و ئێستا ملیۆنان کتێبخانە لە جیهاندا هەیە، بێگومان مەبەستی سەرەکی کتێبخانەش بریتیە لە خزمەتکردنی خوێنەر وئاسانکاری بۆ خواستنی کتێب، ئەمەش پێویستی بە پۆلێن کردن هەیە، بۆیە چەندین جۆر پۆلێنی



کتێبخانەی ئەسکەندەریە لەمیسری کۆندا

کتێب هەیە، بەڵام ئەوەی لە هەموو پۆلێنەکانی تر زیاتر کاری پێدەکرێت و لە زۆربەی کتێبخانەکانی وڵاتانی جیهاندا کاری پێدەکرێت دوو جۆرپۆلێنی سەرەکیە:

یەکەم: ئەو پۆلێنەی بە پۆلێنی کۆنگریسی ئەمریکی ناسراوە و لە زوربەی کتێبخانە و زانکۆکانی ئەمریکاو ئەوروپا پەیڕەو دەکرێت، ئەم پۆلێنە بە پێی پیتەکانی زمانی ئینگلیزی دانراوە جگە لە پیتەکانی : (I, O, W, X, Y) ، ئەم پۆلێنە زۆر سادەیە و لەگەڵ ئەوەشدا بەدەر نیە لە کەموکوڕی و کەلێن، چونکە زانیارییەکان یاخود بابەتەکان دابەش دەکات بە سەر ٢٠ پیتدا، لەگەڵ کەمیی پیتەکایشدا ٣ پیت تەرخان کراوە بۆ میژوو ( C = میژوو، D =میژووی بێگانە، F ،E = مێژووی ئەمریکا) کەچی لەهەمان کاتدا تەنها پیتێك تەرخان کراوە بۆ زمانیش و ئەدەبیش کە ئەویش پیتی (P)، بێگومان زمان و ئەدەبیش پانتاییەکی بەرفراوان لە کتێبخانەکان داگیردەکەن، ئەمەش نا هاوسەنگیەك لە ژمارەی کتێبکان لەسەر تاق (رەفە)ی کتێبخانەکان دروست دەکات، بۆیە ئەم پۆلێنکردنە بۆ زۆرینەی وڵاتانی جیهان دەست نادات، بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی کە گرنگیی بە ئەدەبی ئەمریکی نادەن و خۆشیان خاوەنی زمان و ئەدەبێکی بەرفراوانی خۆیانن، ئەمانەو چەند کەموو کوڕیەکی تریش..

بەڵام ئەو پۆلێنکردنەی کە بەشێکی بەرچاوی ئەو کەموکوڕییانە پڕ دەکاتەوە پۆلێنی (میلڤل دیوی)ـە، لە تایبەتمەندیەکانی ئەم پۆلێنکردنە ئەوەیە کە زۆر سادەو ساکار و ئاسانە، لەگەڵ ئەوەشدا سەرجەم بابەت و زانستەکان لەخۆ دەگرێت، بەڵام لە هەموو ئەمانەش گرنگتر ئەوەیە کە بواری دەستکاریکردنی تێدا هەیە، ئەم تایبەتمەندێتیەش وایکردووە کە بۆ سەرجەم وڵات و کەلتوورەکان دەست بدات، بۆیە یەکێکە لە هەرە بەربڵاوترین ئەو پۆلێنانەی کە لە سەرتاسەری جیهاندا بڵاوەو بەکاردەهێنرێت.

میلڤل دیوی هەستا بە دابەشکردنی زانستەکان بۆ (٩) بواری سەرکی، بۆ هەر یەکێکیش لەو بوارانە ژمارەیەکی (سیانی) دەستنیشان کرد، وەك (١٠٠) کە لە سێ ژمارە پێکدێت، تاکو بتوانرێت هەر بوارێك چەندین لقێکی لێ ببێتەوە وەك (١١٠، ١٢٠، ........) پاشان هەر یەکێکیش لەو لقانە چەندین لقی تری لێ بێتەوە، تا ئەو ڕادەیە بواری هەیە کە ژمارەی لقەکان بکرێن بە پۆینت، ئەمەی وایکرد کە ئەم پۆلێنە هەموو جۆرە کتێبێك لە خۆ بگرێت و هیچ بابەت و ناونیشانێك نەتوانێت دەربازببێت لەم پۆلێنکردنە، دیوی بوارەکانی بەم شێوەیە ڕێکخست: (١٠٠= فەلسەفە و دەروونناسی، ٢٠٠= ئاین، ٣٠٠= زانستی کۆمەڵناسی، ٤٠٠= زمان و زانستی زمان، ٥٠٠= زانستە سروشتیەکان، ٦٠٠= زانستە تەکنۆلۆژییەکان، ٧٠٠= هونەرە جوانەکان، ٨٠٠= ئەدەب، ٩٠٠= مێژوو و جوگرافیا و ژیاننامە).. بەم شێوەیە سەرجەم بوارەکان بوونە (٩) بوار، بەڵام دیوی تێبینی ئەوەی کرد کە هەندێك بابەتی گشتی هەن تایبەت نین بە هەریەکێك لەو بوارانەوە، یاخود ناچنە ژێر ناونیشانی هەر یەکێك لەو بوارانەوە، بۆیە پێویست بوو بوارێکی دیکە زیادبکات بە ناوی زانیاریی گشتیی، سەرەتا پێی وابوو دەبێت لە دوای هەموو بوارەکانی ترەوە دایبنێت، بەڵام گەر ئەوەی بکردایە ئەوا دەبوو ژمارە (١٠٠٠) ی بداتێ، بەمەش دەبووە چوار ژمارەیی، بە پێچەوانەی بنەما سەرەکیەکەی پۆلێنەکەی کە سێ ژمارەیی بوو، ناچار ژمارەی سێ سفری (٠٠٠) بۆ داناو لە سەرەتای هەموو بوارەکانی دیکەوە داینا، ئەمەش چارەسەرێکی زیرەکانە بوو بۆ ئەو گرفتە، کەواتە سەرجەم بوارەکان بوونە (١٠) بوار و ئەم ڕژێمی پۆلینکردنەش بە ڕژێمی (دەیی) ناسراوە..

جێی گرنگیدانە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە کتێبخانەکانی هەرێمی کوردستان لە سەر بنەمای ئەم پۆلێنکردنە دەرۆن، بۆیە پێویستە هەموو خوێندکار و لێکۆڵەرەوە و نووسەرێك زانیاری دەربارەی ئەم پۆلێنکردنە هەبێت، تاکو بتوانێت بە ئاسانی ئەو کتێبە دەستنیشان بکات کە پێویستیەتی لە کتێبخانە بیخوازێت، چونکە کارمەندانی کتێبخانە مامەڵە لەگەڵ ناوی کتێبەکاندا ناکەن، بەڵکو مامەڵە لەگەڵ ژمارەی پۆلێنی کتێبەکاندا دەکەن و بە زانینی ژمارەکە دەتوانێت کتێبەکەت لە سەر ڕەفە فراوان و زۆرەکانی کێبخانەکە بۆ بدۆزێتەوە.

سەرچاوەکان:

– الحضارة و الميثولوجيا في العراق القديم، ماجد عبدالله الشمس، دار علاء الدين ، ط٣، ٢٠٠٩.

– علم الفهرسة والتوثيق، د.شاكر السعيد، دار أسامة و المشرق الثقافي، عمان ٢٠٠٦.

– المكتبة، د.سامي مكي العاني، عبدالوهاب محمد علي العدواني ، بغداد ١٩٧٨.

– المكتبة العربية ومنهج البحث، د.محمد رضوان الداية، دارالفكر، دمشق ١٩٩٩.

– الخط العربي تأريخه وانواعه، يحيى سلوم العباسي ، بغداد ١٩٨٤

– زانستی کتێبخانە، عەلی مەحمود جوکل، هەولێر ١٩٨٧.

# داهات‌و خەرجی کتێبخانەو سەنتەری زانیاری

**شاهۆ عوسمان**

باری ئابووری کاریگەریی بەرچاو و دیاری لە ژیانی مرۆڤدا، هەیە. خەرجی‌و داهات، کاریگەری دەکاتە سەر بژێوی تاکەکەس‌و هەروەها ڕۆڵی بەرچاوی لەسەر چالاکی‌و پێشکەوتنی دامودەزگاکاندا، هەیە. ئەوەی مەبەستمانە دابینکردنی خەرجی‌و داهاتە بۆ دامودەزگایەکی گرنگی وەك کتێبخانەو سەنتەری زانیاریی. بۆ ئەم مەبەستەش، پێویستمان بە بەرنامەو پلان‌و ستراتیژو سیاسەتی کتێبخانە هەیە. بۆ گۆرانکاریی‌و پێشخستن‌و گەشەکردنی ئاستی ڕۆشنبیری، فێربوون، پەروەردە، ئابووری و کۆمەڵایەتی،... . بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەو پلانی دیاریکراوی داڕێژراو لەسەر بنەمایەکی زانستی گونجاو. بۆ ئەوەی ئاستی ڕۆشنبیری، پەروەردە و فێرکردن، لە خولگەی وەستاوی خۆی دەربچێت، پێویستمان بەدیاری کردنی داهات‌و خەرجی هەیە کە خۆیی دەبینێتەوە لە داڕشتنی میزانیەی کتێبخانە و سەنتەری زانیاری.

کەواتە بەڕێوەبەرو لێپرسراوی کتێبخانەکان، بەرپرسیاریەتیەکی گەورەیان لە داڕشتن‌و دانانی میزانیەی کتێبخانە لە ئەستۆدایە.

گەر پێناسەیەکی بودجە بکەین بە خەملاندنی داهات‌و خەرجی کتێبخانە لە ماوەیەکی دیاریکراودا. کە زۆر جار بۆ ساڵێك یان زیاتر دەبێت، ئەوساڵە بە ساڵی دارایی ناودەبرێت کە سەرەتاو کۆتایی ساڵ دیاری دەکرێ. دەتوانین لە ڕوانگەی پلانی داڕێژراو میکانیزمی جێبەجێکردنەوە، بڕوانینە بودجە. هەروەها لە کاتی داڕشتن‌و دانانی بودجەدا، پێویستە ڕەچاوی گۆرانکاری لە پڕبکرێ کە لە کاتی نادیارو پێویستدا، ڕوودەدات. وەك زانراوە کەلوپەل‌و پێداویستی‌و سەرچاوەی زانیاری لە کتێبخانەو سەنتەری زانیاریدا، دەکرێ بە:

یەکەم: پێداویستی‌و کەلوپەلی کتێبخانەو سەنتەری زانیاری کە وەك هەر دام و دەزگایەکی تر بۆ کارمەندو فەرمانبەرانی لەکاتی جێبەجیکردنی ئیشوکاری ڕۆژانەیاندا، پێویستیان پێیەتی.

دووەم: کەلوپەل‌و پێداویستی بۆ کەسی سوودمەندی کتێبخانە، واتە ئەو خەڵکەی سەردانی کتێبخانە دەکەن‌و سەرچاوە و کەرەستەو کەلوپەلی تایبەتی بە خۆیان پێویستە.

سێهەم: دابینکردنی سەرچاوەی کتێبخانەو سەنتەری زانیاری وەك (کتێب، گۆڤار، ڕۆژنامە، ...) لەفۆڕمی کتێب، ئەلکترۆنی، دەنگی و ڕەنگی...

بۆ دابینکردنی سەرچاوەی کتێبخانە، پێویستمان بە پلانی وردو داڕێژراو هەیە کە بە شێوەیەکی وابێت لەگەڵ سیاسەت‌و ئامانجی کتێبخانەدا بگونجێت، تاکو کاریگەری بەرچاو و دیاری لەسەر بواری ڕۆشنبیری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، پەروەردەو فێربوون، هەبێت.

بۆ جێبەجێکردنی تێکڕایی چالاکی کتێبخانەو پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری باشتر، پێویستمان بە میزانیەیەکی باش هەیە.

بەهۆی ئەو بارودۆخەی کتێبخانەکانی کوردستانی تێدایە، کتێبخانەکان داهاتیان لە ئاستێکی زۆر نزمدایەو دەتوانرێت بڵێین نییە، چونکە خەرجی کتێبخانەکان ڕێژەیەکی دیاریکراوایان هەیە کە بەشی کار و چالاکی‌و دابینکردنی سەرچاوەی کتێبخانە، ناکات. لەبەرئەمە، پێویستە لەپێناو دەوڵەمەندکردنی خەرجی کتێبخانەدا بەرنامەی تەواو هەبێت، هەروەها لەلایەن دامودەزگای ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەوە هاوکاری بکرێت... وەك ئەوەی هەموو دامودەزگایەکی بڵاوکەرەوەو توێژینەوە وەك ئەرکێکی خۆیان بەرهەمەکانیان "بە دیاری" بۆ کتێبخانەکان، بنێرن. هەروەها پێویستە لە کارمەندانی شارەزا و لەسەر بنەمایەکی زانستی، لیژنەیەك بۆ هەڵبژاردنی سەرچاوەی کتێبخانە هەبێت، لەپێناو دیاری کردن و هەڵسەنگاندنی سەرچاوەی دابینکراو بۆ کتێبخانە.

دەبینین کتێبخانەکانی کوردستان تووشی کێشەیەك بوون کە ناتوانن سەرچاوەی پێویست بگەیەننە دەست خەڵکی پێویست لە کاتی پێویستدا. لە ئەنجامی ئەوەی سەرچاوەکانی کتێبخانە، لەئاستی داخوازی و پێویستی کۆمەڵگەی کتێبخانەدا نییە.

بۆ نموونە لە کاتی کردنەوەی پێشانگایەکی کتێبدا، ئەو کتێبانەی کە بۆ کتێبخانەکان دەکڕدرێن، پێویستە لەسەر پلان‌و بودجەی کتێبخانەکان بێت، نەك وەك بارانی بەهار، لە پڕو ناکاو، بە کتێبخانەکان بدرێت کە زۆرجار سوودوەرگرتنی خاوەن پێشانگاکە زیاترە تا وەکو کتێبخانە و کۆمەڵگەی کتێبخانە. ئەم پرۆسەیە وا دەکات، بودجەی کتێبخانە بە هەدەربچێت و ئاستی ڕۆشنبیری‌و فێرکردن چەق وەستاو بێت. جگە لەمەش، کێشەی هەڵگرتن‌و پاراستنی ئەو سەرچاوانە لە کتێبخانەدا سەرهەڵدەدات. بۆ ئەم مەبەستەش، واباشترە لە کاتی دانانی بودجەی کتێبخانەکان و کردنەوەی پێشانگاکاندا، ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکرێت، تاکو کتێبخانەکان بتوانن بەشێوەیەکی باش‌و ڕێك‌وپێك خۆیان بۆ هەڵبژاردن‌و دابینکردنی سەرچاوەی پێویست ئامادە بکەن.






# فۆلکلۆری هۆنراوەکانی کوردەواری

**بوار نورەدین**

**کتێبی (فۆلکلۆری هۆنراوەکانی کوردەواری)، خوالێخۆشبوو مامۆستا محەمەد کەریم شەریف ئامادەی کردووە و بە یارمەتی وەزارەتی ڕاگەیاندن (بەڕێوەبەرێتی گشتی ڕۆشنبیری کوردی) و لە چاپخانەی (الشمال) لە شاری کەرکووك چاپکراوە، ژمارەی سپاردن (٤٠٢)ی ساڵی (١٩٧٤)ی وەرگرتووە، ژمارەی لاپەڕە (٢٦٨)ی قەوارە (١٧ بە ٢٣) سم، نرخی (٥٠٠) فلس بووە. لەلایەن هونەرمەند (عەبدولواحید مەرجان)ەوە وێنە بۆ بەرگ و هەندێ لە بابەتەکان کراوە و لە لایەن هونەرمەند (محەمەد عوسمان)یشەوە کاری خۆشنووسی بەرگەکەی کێشراوە. ئەم کتێبە لە ساڵی (١٩٨٦) لە لایەن بەڕێز (سەعدوڵڵا شێخانی)یەوە جارێکی تر "لەگەڵ خستنەسەری کۆمەڵێك تێکستی دیکە"، چاپکراوەتەوە.**

ناوەڕۆکی کتێبەکە لەم بەشانە پێکهاتووە: سەرەتا، (٦٨) مەتەڵ، هۆنراوەی مەشکە هەژاندن (٢١) دانە، هۆنراوەی شەنەبا، شەو دەستاڕ، ڕەوسەبردن، ساوار کوتان، دروێنەی بەکرەیی، لایلای، دەمەتەقێ، بووك گواستنەوە، پەندی پێشینان، بەستە و گۆرانی، گاڵتەبازی و بەزم، ئایینی، ڕاو، یاری، لاوك، حەیران، سەردولکە، شایی و هەڵپەڕکێ، بێرە، پەراوێزەکان، سوپاس، ناوەڕۆك.

ئەم کتێبە کۆمەڵێك تێکستی زۆر جوان و نازداری لە نەمان ڕزگارکردووە کە لە کاتی خۆیدا و تاکو ئێستاش بایەخێکی ئەدەبی و فۆلکلۆرییان هەیە و چەند دڵسۆزێکیش "کاك فەتاح حاجی محەمەد دارەبەنی- کە هۆنراوەی ناوچەی بەرانانی بۆ کۆکردووەتەوە، لەگەڵ مامۆستا حەمەکەریم هەورامی" هاوکارییان کردووە.

ئامادەکار لە سەرەتای کتێبەکەیدا دەڵێ: ((هەر شتێکی کورد بۆی چووە، هۆنراوەی تایبەتی بۆ داناوە: ڕاو، جەنگ، ئایین، هەڵپەڕکێ، بووك گواستنەوە، چیرۆك، یاری، ساوەر کوتاندن، دروێنە، دەستاڕ، مەشکە ژەندن، ڕەوسە بڕکردن، شەنەبا، مەتەڵ، پەند، دەمەتەقێ و بەللۆرێ و وەیارۆك، گاڵتەبازی و بەزم، جگە لە بەستە و گۆرانی، لاوك و حەیران، لایلایە، لاواندنەوە و هەتا دوایی)). هەروەها دەڵێ: ((ئەم هۆنراوانەشم بە دەردەسەری کۆکردۆتەوە، کە لە (قوتابخانەی مامۆستایانی سەرەتایی هەولێر) بووم، بەدوای قوتابییەکانی (ئاکرەیی و ئامێدی و کۆیی)دا دەگەڕام و داوام لەوان دەکرد کە هۆنراوەکانی ناوچەی خۆیانم بۆ کۆبکەنەوە)).

یەکێك لەو باسانەی کە پێوستی بە هەڵوێستە لەسەر کردنەوە ئەمەیە کە باسی گۆرانییەکانی "شەودەستاڕ" دەکات و دەڵێ: ((شەو لە هەر ماڵێك ساوەر بە دەستار لێبکرابا، کچەکانی گوند لە ماڵێکدا کۆدەبوونەوە، بەتایبەتی لە ناوچەی باڵەك کە کوڕ و کچ هاوبەشییان دەکرد، کوڕێك و کچێك بەرامبەر یەك دادەنیشتن و بە جووتە دەستاڕەکەیان دەسوڕاند و جاری وادەبوو لە ڕکەیان دەکرد، بۆ ئەوەی بزانن کامیان لە پێشا ماندوو دەبن و لە پێشا وازدێنن و تا نزیکی بەیانی هەردووکیان شل دەبوون، ئەم هەڵبەستانەیان دەگوت، دەبووە ئاهەنگێکی زۆر گەورە لەو ماڵەدا کە زبارە* دەستاڕی لێدەکرا)).

هەروەها لە بەشی (شایی و هەڵپەڕکێ)دا، هۆنراوەی (٦) جۆر هەڵپەڕکێی تۆمارکردووە، دواتر ناوی نزیکەی (٤٠) جۆر شایی و هەڵپەڕکێی هێناوە، کە ئەمانەن: تەمیۆڵێ، سێ پێیی، سوسکەیی، چۆپەیی، شێخانی، ئایشۆکێ، خانم مەڕۆ، هەڵپەڕینی گەورە، شەمرۆکە، مام هێزدین، دوپێیی، منجۆلێ، شنگاری، سەنگین سەما، سەمای کۆچەری، گوڵ شینی، فەتاح پاشایی، لەنجە هەبلەیان، پردێ باسان، ڕەقاسە، دپچەیی، کەمەرە لەرزین، ڕۆینە، دەنانێ، تووسکی، هەرێ گولێ، ڕاستە، چۆك چەمینە، سنجانی، ڕەوڕەو، سێجار، بابلەکان، گۆڤەند، بێلانێ، سولتەکی، دێکۆ، چوخ جانۆ، کەپرۆکە، هەورۆ.

ئەگەر بە شێوەیەکی زانستی بڕوانیینە ئەم کتێبە، دەبینین کە میلۆدی یان ئاوازی گۆرانییەکان نەنووسراونەتەوە، کە ئەویش لایەنێك یان زانستێکی تایبەتە، بەڵام ئەم کتێبە (36 ساڵێك لەمەوبەر چاپکراوە، کە ئەو کاتە ڕەنگە کەسێك نەبووبێت ئەم کارە ئەنجام بدات، یان ئەوەندە بایەخ بە بواری موزیك نەدراوە، هەروەها، تاکو ئێستاش کۆمەڵێك بابەتی فۆلکلۆری کۆدەکرێنەوە و وەك کتێب چاپدەکرێن کە هەمان گرفتیان تێدایە، چونکە هۆنراوەی گۆرانییەکان چەند گرنگن بۆئەوەی نەهێڵین لەناوبچن و بفەوتێن، ئاوازەکانیش بەهەمان شێوە پێویستیان بە تۆمارکردن و نووسینەوە هەیە.

ئەوەی ڕاستی بێت، هەر چۆنێك هەڵیبسەنگێنین و تاووتوێی بکەین، کارێکی شکۆدارە، چونکە ئامادەکار لەسەردەمێکی زوودا و خۆبەخشانە هەستی بە کۆکردنەوەی چەند لایەنێکی فۆلکلۆر کردووە و زانیویەتی کە سامانێکی نەتەوایەتییە و نابێت فەرامۆش بکرێت، لەبەرئەوە، لە پێناو بەجێهێنانی ئەم ئەرکەدا، ڕەنجێکی زۆری کێشاوە و بەرهەمەکەشی بە یەکێك لە کتێبە بایەخدارەکان لەسەر فۆلکلۆری کوردی دادەنرێت.

* زبارە: بەهەندێك کاری هەرەوەزی دەگوترێت.

# ASOY KTEBKHANA

Sulaymania Public Central Library

NO. 3 – 13/12/2009

# لە بەرزنجە خانوویەك بۆ کتێبخانەی گشتیی دابین دەکرێت

دوای کۆششی بەڕێوەبەرێتی کتێبخانەی گشتیی سلێمانیو بە هاوکاریی بەڕێز حاکم هوشیار(بەڕێوەبەری ناحیەی بەرزنجە)، لەو ژمارە خانووە نوێیانەی لە ناحیەکەدا دروستکراون، خانوویەك تەرخانکرا بۆ کتێبخانەی گشتیی بەرزنجە.

بڕیار وایە لەم نزیکانەدا کتێبخانەی کۆن لەبەرزنجە بگوێزرێتەوە بۆ نێو بینا تازەکەو بەوەش خزمەتگوزاریی زیاترو بەردەوام پێشکەش بەخوێنەرو خوێنکارانی ناحیەکە دەکرێت.

شایانی باسە، شارۆچکەی بەرزنجە لەدێرینەوە مەڵبەندی زانایانو نووسەرو روناکبیرانی کورد بووەو بەیەکێك لەشوێنە پیرۆزەکانی کوردستانیش دەژمێردرێت.

## لەبەیروت کتێبی رۆمان لەپێشەوە دەبێت

بڕیار وایە پێشانگای کتێبی نێودەوڵەتیی بەیروت، خولی(٥٣)یەمی لەوادەی خۆیدا لە ١١تا٢٣ مانگی کانوونی یەکەمی ئەمساڵدا رێکبخرێتو تیایدا سەدان ناونیشانی بابەتە روناکبیریو زانستیو مەعریفییەکان نمایش بکرێت.

دەزگاکانی بڵاوکردنەوە لە لوبنان، بەنیازن ژمارەیەك چاپکراوی نوێ بخەنەڕوو.

رۆمانە چاپکراوەکان لەمساڵدا بایەخی گەورەیان پێدراوەو دەکەونە پێشەوەی کتێبە نمایشکراوەکان، هەرچۆن کۆڕو سمیناری تایبەتیش سەبارەت بە رۆمان ساز دەکرێت.

الجريدة الكويتية

## کتێب وەك ئینجانەی گوڵ

ئا: بێستون فەرهاد

لۆرا کاهیل دیزاینەرێکی بە سەلیقەی بەریتانیایەو خاوەنی دیزاینی نوێو ناوازەیە.

یەکێك لە کارەکانی لۆرا ئەوەیە ئەو کتێبانەی کە عەیبییان هەیە لە چاپەکەیان، یان کەس نایەنەوێت، دەیانکات بە ئینجانەی گوڵ یان شتومەکی ناو ماڵ، وەك لەمپەو عەلاگەی جلوبەرگ یان کورسی.

لۆرا دەڵێت کە ئەم کارەی دوای ئەو لێکۆڵینەوەیەی هات کە دەربارەی شتە ئاساییە نەویستەکان بوو کە خەڵك رۆژانە فڕێیدەدەنو کتێبیش یەکێکە لەوان. ئەو دەڵێ کە ئەم کارەی وەك رووبەڕووبوونەوەیەك بوو کە دەویست کتێبی نەویستراو بکات بە شتێکی جوانو بەسوود دوای فڕێدانیو دووبارە



بەکارهێنانەوەی، بەڵام بەشێوازێکی قەشەنگتر.

www.dezeen.com

## کتێبێکی نوێ سەبارەت بە کۆمەڵکوژییەکەی ئەرمەن






خاتوو تامار توجبیان کە زیاد لەبیست ساڵە لە ئەبوزەبی بەڕێوەبەری قوتابخانەی ئەرمەنییەو گەلێك کتێبی لە زمانی ئەرمەنییەوە بۆ ئینگلیزی وەرگێڕاوەو تازەترینیان دکتۆرانامەی مەتران(بابکێن چاریان)ە بەناوی (زیانی گەورەی پیاوانی ئایینی لەکۆمەڵکوژیی ئەرمەنەکاندا)یەو لە ١٤٠ لاپەڕەدا.

نووسەری توێژینەوەکە لەیەکەمین بەشدا باس لەرۆڵی پیاوانی ئایینی ئەرمەنی دەکات لەگەڵ ئازارو ئەندێشەیان، پاشان دێتەسەر کورتەی ژیاننامەی دیارترین کەسایەتیی ئایینی ئەرمەن لەو دەمەدا، بەڵام لەبەشی سێیەمدا ناوی هەموو ئەوانە دەخاتە روو کە لەکۆمەڵکوژییەکەدا بوونەتە قوربانیو سەر بەڕێبازەکانی ئەرتەدۆکسیو کاتۆلیكو پرۆتستانتی بوون.

www.azad-hye.org

## دوبەی پێشانگایەك بۆ کتێبی منداڵ دەکاتەوە



دامەزراوی محەمەد بن راشد ئال مەکتوم رایگەیاند پێشانگای دوبەی نێودەوڵەتیی بۆ کتێبی منداڵان کە لەمانگی شوباتی ساڵی نوێدا دەکرێتەوە بووەتە جێگای بایەخپێدان، چونکە گەورەترین دەزگا جیهانییەکانی بڵاوکردنەوە بەشداری تێدا دەکەن.

ئەم پێشانگایە مەبەستی بەدیهێنانی ستراتیژی دامەزراوی ناوبراوە، کە بریتییە لەهاندانی منداڵان بۆ خوێندنەوەو بنیاتنانی کۆمەڵگایەك لەسەر بناغەی فێربوونو زانیاریی.

الدستور



## خانەی سمۆرە ٢٢٠ چاپکراوی رەنگین بۆ کتێبخانەی منداڵان




خانەی سمۆرەی تایبەت بە چاپەمەنیی منداڵ، ساڵی ٢٠٠٣، سەرەتا وەك بەشێك لەسەر دەستی ژمارەیەك لە خەمخۆرانی دنیای رەنگاڵەیی منداڵانی کوردو، پاشانیش وەك بەڕێوەبەرێتییەکی سەر بەوەزارەتی رۆشنبیری درێژەی بەکارو داهێنانەکانی داوە.

چاپکراوەکانی (سمۆرە) بریتیین لە (چیرۆكو فەرهەنگو بابەتی زانستیو هۆشیاریو رێنمایی)، لەدیدارێکدا بەڕێز دڵشاد غەفور (بەڕێوەبەری خانەی سمۆرە بۆ رۆشنبیریی منداڵ) وتی: تائێستا توانیومانە ٢٢٠ کتێبو نامیلکە چاپ بکەین، بێجگە لەوەی بەتۆماری دەنگیی (سیدی) چاپکراوەکان دەگەیێنینە منداڵی نابیناو منداڵانی باخچەکانی ساوایان.

هەروەها وتی: پار چەند نامیلکەیەکمان بەزاری کرمانجی ژووروو لە چاپداوەو ئێستاش لە هەوڵی ئەوەداین بەزاری ناوچەکانی هەورامانو شنگاڵ بەرهەم پێشکەش بکەین.




سەرنووسەر
یاسین قادر بەرزنجی

راوێژکاران
ئاری بابان ـ شێرزاد سەعید

ستافی کارا
تابان حەسەن ـ بوار نورەدین ـ ساکار عەلی

نەخشەساز
مەهدی ئەحمەد

تایپو هەڵەبڕی
بەیان عەلی ـ بەهرە عیزەدین

سەرپەرشتیاری چاپ
ئەکرەم ئەحمەد

ناونیشان: سلێمانی، شەقامی سالم، کتێبخانەی گشتیی

ت: ٣١٢٢٧١٦

Email: asoyktebkhana@yahoo.com